# کورد و خزمەتی ئیسلام

لە کتێبی "کورد و وڵاتەکەیان"

بۆ گیانی پاکی باوکی شەهیدی
ڕێگەی ئازادیی کوردستانم

بۆ شەهیدان و خەباتکارانی سەربەرزی
ڕێگەی ئازادیی کوردستان

کەپتان شێخ أ. وەحید

# کورد و خزمەتی ئیسلام

لە کتێبی "کورد و وڵاتەکەیان"

وەرگێڕانی:

کەریم حسەین سورێنی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

کەپتان شێخ أ. وەحید
کورد و خزمەتی ئیسلام
وەرگێڕانی: کەریم حسەین سورێنی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢١٧
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤١٠ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

## پێڕست


پێشەکی و ڕوونکردنەوەیەکی پێویست ............ 6
بەشی یەکەم _ هێرشی سەلجووقی بەرەو بەغدا بە ناو کوردستاندا ............ 10
بەشی دووەم – هێرشی مەنغۆلی بەرەو بەغدا بە ناو کوردستاندا............ 13
داستانی قارەمانێتیی (ئەودۆ ئاغا) ............ 15
بەشی سێیەم – هێرشی مەنغۆلی بۆ سەر بەغدا بە ناو کوردستاندا ............ 16
قارەمانێتیی ساڵح هەولێری ............ 18
بەشی چوارەم – هێرشی (تەیموور لەنگ) بۆ سەر بەغدا بە ناو کوردستاندا ............ 22
بەشی پێنجەم– هێرشی (نادر قولی خانی ئەفغانی) بۆ سەر بەغدا............ 26
کورد و شۆڕشە هاوچەرخەکانی لای کەپتان شێخ وەحید ............ 28
شۆڕشی خان مەحموود یان مەحموود خان ............ 29
شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران – ١٩٢٥ ............ 30
شۆڕشی خۆیبوون – ئاگری – ئارارات (١٩٢٧ – ١٩٣٠) ............ 33
شۆڕشی بەدرخان بەگ ............ 33
شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید – (١٩١٩) ............ 34
دۆزینەوەی نەوت لە خاکی کورددا ............ 45
شۆڕشی بارزان ............ 46

## پێشەکی و
## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

کورد و خزمەتی ئیسلام... کورتە داستانێکی مێژوویی خەبات و فیداکاریی گەلی کوردە لە بەرەنگاری و بەرهەڵستی لێشاوی داگیرکەران بۆ سەر بەغدا و وڵاتانی ئیسلامی لە سەدە تاریکەکانی ناوەڕاستدا. بەشێکی هەڵبژاردە لە کتێبی "کورد و وڵاتەکەیان" بە زمانی ئینگلیزی، وەرگێڕدراو بە شێوازی ڕاڤەکاری، لەگەڵ ڕێکخستنی و لەسەر نووسینی.

کارەکەش لە خۆیدا بە زمانی عەرەبی – دەسپێک "الكورد وخدمة الاسلام" بە کورتی لە بەغدا لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، بە مەبەستی زانیاری و ئاگەداریی برا عەرەبەکانمان لە خەبات و فیداکاری و خزمەتگوزاریی نموونەیی گەلی کوردی دڵپاک لە خزمەتی ئیسلامدا، دیارە خزمەتێکی گرینگ و سوودگەیێنی کاتی خۆی و هەموو دەمێکە.

برایانی نیشتمانپەروەری گەورەی کوردیشمان مامۆستا "محەمەدی مەلا کەریم" و "دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ" هەستان بە ئەرکی پێداچوونەوەی دەسنووسەکە و هەڵسەنگاندن و نووسین لەسەری. هەرچەندە بە داخەوە چارەنووسی هەردوو نووسراوەکە لەگەڵ کۆمەڵێ نووسراوی تردا سووتاندنی بە پەلە بوو لەلایەن خێزانەکەمەوە لە کاتی گرتنمدا لە ڕۆژانی ڕەشی ڕێژیمی بەعسیدا لە بەغدا!

لەبارەی بە چاپگەیاندنی بەرهەمەکەشەوە کە دوای بەسەرچوونی ماوەیەکی دوور و درێژی داماویی ڕۆژگاری ڕەشی بەعسییان و، پاشان دەرفەتی چاپکردنی، ئەوە بوو کە ڕۆژنامەی (التآخي– برایەتی) لە بەغدا لە سەردەمی برایانی بەڕێز "دارا تۆفیق و جەرجیس فەتحوڵڵا و ڕەفیق چالاک"دا بۆی بوون

بە ڕۆشنایی و میدیای بڵاوکردنەوەی لە شێوەی زنجیرە وتار.. بەڵام کە نەهامەتیی کورد لە ڕۆژگاری ڕەشی بەعسییاندا هەردەم لە سەرپێ بوو بۆ پێوەدانی، ئەوا بەرهەمەکە دیسان کەوتەوە ژێر چەپۆکی نەهامەتییەکە و، تەنیا بەشی یەکەمی – (هێرشی سەلجووقی بەرەو بەغدا بە ناو کوردستاندا) بڵاو کرایەوە لە مێژووی (١٩٦٨/٢/١٧)ی ڕۆژنامەکەدا بە ناونیشانی (الاكراد وبلادهم) و لەژێر ناوی خوازیاردا (کەڵوڕ) وەکو کارێکی خۆبەختکەری بێ ناو و دەنگ!

لە هەمان ڕۆژانی دژواردا و.. دوای گرتیگە و تەواوکردنی حوکمی دەسکێشانەوەم لە وەزیفە (مسحوب اليد) بۆ ماوەی (٧) ساڵ و گێڕانەوەم بۆ وەزیفە بۆ خانەقین لە بەغداوە لە ساڵی (١٩٦٨)دا و، لێرەشەوە بۆ هەولێر لە سەرەتای شاڵاوی تەعریبکردنی خانەقین لە ساڵی (١٩٧٤)دا، بەرهەمەکەش هەر کز و مات و داماو لەگەڵ خۆمدا!

تا لە دواییشدا، لێرە لە هەولێر هەر تەنیا بە بڵاوکردنەوەی پێشەکییەکەی مامۆستا (کەمال غەمبار) و بە بەشی یەکەمی بەرهەمەکە لە ژمارە (٩ و ١٠)ی گۆواری (گوڵان)ی (٢/٢٥ و ١٩٩٧/٣/٢٥)دا ئیتر ڕاوەستا و پەکی کەوت! ئەویش بە بیانووی "وەرگێڕانی کتێبەکە (کورد و وڵاتەکەیان) لەلایەکی تر و لەلایەن کەسێکی ترەوە"! وەکو بڵێت بەمە، ئەگەر واش بێت، ئیتر بەها و بایەخی بەرهەمەکەش وەکو باسێکی مێژوویی هەرگیز زیندوو و سوودگەیێن، کەڵکی نەما و لە کار کەوت! هەرچەندە بۆ ڕاستی و واقیع وەرگێڕانەکەی من دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و، نە ئەو کاتە و نە ئێستاش هەواڵی ئەو وەرگێڕانە دەزانم! مامۆستایانی ناوبراوی ڕۆژنامەی (التآخي)ش گەواهیی چۆنێتیی وەرگێڕان و کارەکەی منن! جگە لەمەش، وەرگێڕانەکەی من تەنیا بەشێکی هەڵبژاردەی کتێبەکەیە _ خەبات و فیداکاری کورد بەرامبەر بە داگیرکەران، نەک دەقی تەواوی کتێبەکە. کە دیارە بەمەش – ڕوونکردنەوە و بەرجەستەکردنی باسی پێوەنددار بە کورتی و بە پوختی، مەبەست و ئامانج چاکتر دەپێکێ!

سەبارەت بە دانەری کتێبەکەش (کەپتان شێخ وەحید)ی"موسڵمان، دۆستی کوردی ئازا و فیداکاری کۆن و، نەیار و ناحەزی کوردی کەللەڕەق و ئاژاوەگێڕی نوێ!" ئەم زاتەیە:

کەپتان شێخ وەحید ئەفسەرێکی سیاسیی سەر بە(دامەزراوەی شارستانێتیی میزۆپۆتامیای بەریتانیا)یە لە عێراق. باوکیشی ئەندامێکی بەرزی ئەم ڕێکخراوە سیاسییە بوو. لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا شێخ وەحید لە تەک هاوسەرە کوردەکەی، یان کوردیزانەکەیدا گەشتێک دەکات بە ناو کوردستاندا و، بە گەرمی پێشوازیی لێ دەکرێت لەلایەن کاربەدەستانی سوپای ئێرانەوە لە کوردستانی ڕۆهەڵاتدا. بزاوی کوردی مافخوراو لەناو (عێراق و ئێران)دا، دوو وڵاتە ئیسلامییە دۆست و هاوپەیمانانی پاکستان زۆر بە گەرمی لە ئارادا بوو لەو ڕۆژانەدا.. نووسینی کتێبێکی مێژوویی لەبارەی کوردەوە لەبەر ڕۆشنایی مێژووی کۆنی و ناوەڕاستی بە تایبەتی کە پڕە لە بەسەرهاتی سەخت و دژواری بەرهەڵستکاری گەلی کوردی ئازا و فیداکار بەرامبەر بە هێرشە یەک لەدوا یەکەکانی چەتە مەنگۆلییە داگیرکەرەکان و هاوڕەگەزەکانیان، بە شێوەیەکی "ئەکادیمی دوور لە سیاسەت"، دیارە بابەتێکی چاک و لەبار بوو کەپتان شێخ وەحید پێی هەڵبستێ لەو ڕۆژانەدا، کە هەر چۆنێکیش بێت و بە هەر بیر و بۆچوون و بۆ هەر مەرامێکیش بێت، دیارە کارەکە کە باسی جوامێری و فیداکاریی نموونەییی کوردە بە گشتی.. کوردی مافخوراوی لە بیرکراوی بێ باس و خواز، هەر خزمەتێکە و، شایستەی دەسخۆشی و سوپاسگوزارییە!

لە ڕووبەڕووبوونەوەیشیدا لەگەڵ ڕاپەڕین و شۆڕشە هاوچەرخەکانی گەلی کوردی کوردستانی دابەشکراوی ناو وڵاتە ئیسلامی و دۆستەکانیدا و، ئاماژەکردن پێیان لەناو کتێبە مێژووییەکەیدا، هەرچەندە بە نابەدڵی و سەرپێیی و کەموکووڕیش بێت، ناچاری دەکات هەڵوێستی"دوور لە سیاسەت و موسڵمانیەتییەکەی خۆی" بدرکێنێ و بناسرێ، وەکو ئاماژەی پێ دەکرێ لە کۆتاییدا!

وا ئێستاش کارەکە بە تەمەن درێژیی خۆیەوە و بە هەرگیز بە کار و زیندوویی خۆیەوە، فینیکس ئاسا سەرهەڵدەداتەوە بەرەو ئاسۆی ڕۆژی نوێ و بیری نوێ و جێگرتنەوەی خۆی لە ڕیزی بەرهەمانی ئەمڕۆی کتێبخانەی کوردیماندا!

کەریم حسەین سورێنی
هامبۆرگ/ئەڵمانیا –٢٠/١٢/٢٠١٠.

بەشی یەکەم

## هێرشی سەلجووقی بەرەو بەغدا بە ناو کوردستاندا

تیرەی سەلجووق لە بنەچەیەکی مەنگۆل - تورک ڕەگەزن، دەگەڕێنەوە بۆ سەر هۆزی (ئۆغز)ی ناو تورکستانی چین. تیرەیەکی یاخی و سەرەڕۆ. لە سەرەتای (١٠٢٩)ەوە لە بیاوانی وشک و ڕووتی ناوچەیەکی ئاسیای ناوەڕاستەوە سەریان هەڵدا و کەوتنە هێرشبردن! دایان بەسەر ناوچە بە پیت و تەڕ و پاراوەکانی خوراساندا لە ئێران. لەوێشەوە بەرەو (میزۆپۆتامیا - عێراق) و شاری بەغدای نەرمونۆڵی ژێر دەستەڵاتی ڕەمزی خەلیفە عەباسییە مشەخۆرەکانی داستانی "هەزار و یەک شەو" بە ناو وڵاتی کورداندا!

وڵاتی کورد، پڕ لە خێروبێری خۆڕسکی دەوڵەمەند، تاکە کورتە ڕێگەی داگیرکەران بەرەو بەغدا! بەرهەڵستی داگیرکەران و پاراستنی بەغدای پایەتەختی خۆشەویستی موسڵمانانیش، ئەرکی پیرۆزی سەر شانی کوردان!

ئەوا ئۆردووی چاوبرسیی سەلجووقییان لە (تەورێز)ەوە تەکانی دا و گەیشتنە دەوروبەری شاری (ورمێ) ناوچەرگەی وڵاتی کوردان. کوردانی "ئازا و شەڕوان" بە واتای ناوەکەیان، ئا لێرەدا بوو کە لێیان ڕاپەڕین و بەرەنگاریان بوونەوە.. سەلجووقییانی شەڕانی لەگەڵ دڕی و جەربەزەیی خۆیشیاندا تووشی نوشوستی و تێکشکانێکی وەها بوونەوە کە هەر ئەوەندەیان پێ کرا ئەوانەی مابوونەوە بە ساخی بە هەڵەداوان بکشێنەوە بەرەو دوا و ناوچەکە بەجێ بێڵن!

تەنانەت لە تەورێزشدا کە سەلجووقییانی داگیرکەر کردبوویان بە پێگەی قایمی خۆیان، شەڕوانانی کورد هەر ملۆزمە سامدارەکانیان بوون لە

پەلاماردانی پارتیزانی و هێرشبردنە سەریان پەیتا پەیتا!

کوردانی ناوچەی هەمەدان و کرماشانیش، ئەمانەی کە هەر وەکو چۆن دوای سەلجووقییانیش لە کاتی هێرشی (جەنگیز خان)ی مەنگۆلیدا بالادەست بوون لە بەرەنگاری و نەبەردیدا، لێرەشدا هەر ئەوانن لە پێشبڕکێی پەلاماردان و هێرشبردنە سەر چەتە سەلجووقییانی داگیرکەر و ناچارکردنیان بە هەڵاتن و بەجێهێشتنی وڵاتی کوردان ـ کوردستانی کوردان، کوردی ئازا و و نەبەرد بە واتای ناوەکەی خۆی، "کە هیچ داگیرکەرێک نەیتوانیوە بەزۆر زاڵ ببێت بەسەریدا و داگیری بکات"! وەکو مێژوونووسی گەورەی کوردیش مامۆستا ئەمین زەکی بەگ جەختی لەسەر دەکات لە لاپەڕە ١٠٨، ١٣٤، ١٥٤ی (کورد و کوردستان)دا.

هەر لێرەشدایە کە دانەر "کەپتان شێخ وەحید" کورد بەراورد دەکات لە ئازایێتی و نەبەردیدا لە هەمبەر هێرشی سەلجووقییانی داگیرکەردا بەو بەرهەڵستییە سەختەی تیرەی (مارهاتا)ی باشووری هیندستان نواندیان بەرامبەر بە هەمان هێرشبەری سەر ناوچەکەیان، بەڵام بە جیاوازییەکی زۆر جودا! ئەویش کە مارهاتا هیندییەکان بە زۆر جۆر پیلان و فێڵ خۆیان ڕاگرتبوو بەرامبەر بە دوژمن، لە کاتێکدا کوردەکان بێ پێچ و پەنا و بە سەربڵندی ڕووبەڕووی دوژمن دەبوونەوە!

تەنانەت دوای ئەوەش کە سەلجووقییانی داگیرکەر بە سەرۆکایەتیی (توغریل بەگ) توانییان بگەنە بەغدا بە "ڕەزامەندی و خواستی" خەلیفەی عەباسی بەغدا (القاسم) لە (١٠٥٥/١٢/١٨)دا، کوردان کە ئەم هەڵوێستە نابەجێیەی خەلیفەیان بە دڵ نەبوو، دەستبەردار نەبوون لە پەلاماردان و هێرشبردنە سەر سەلجووقییان لەناو بەغدایشدا! هەر بۆیەش لێرەدا توغریل بەگ ڕقی هەڵدەستێ و سوێند دەخوا کە "دەبێ کورد لەناو ببات و بیانتوێنێتەوە بە یەکجارەکی!" بەڵام زۆری نەخایاند کە بە تەواوی بۆی دەرکەوت بە هیچ جۆرێک ناتوانێت بەزۆر کوردی نەبەرد ببەزێنێ! بۆیە وەرچەرخاندنێکی کاریگەر ڕووی دا لە هەڵوێستیدا و سیاسەتی دوژمنکاری و

ڕکابەریی گۆڕی بەرامبەر بە کورد و کەوتە هەوڵی بەستنی پێوەندیی دۆستایەتی و ئاشتی لەگەڵیاندا!

هەڵبەتە سەلجووقییەکان، وەکو مێژوونووس (ابن خلکان) دەگێڕێتەوە، بە سیاسەتی نوێ و پێوەندیی نوێیان لەگەڵ کورداندا دوای شەڕوشۆڕێکی زۆری نێوانیان، بە تایبەتی لە سەردەمی دەستەڵاتداریتیی (سوڵتان مەلیکشا) و ڕاوێژکارە سیاسییە بەناوبانگەکەی (نظام الملك) خاوەنی کتێبی (سیاسەتنامە) لە سالآنی (١٠٧٢ -١٠٩٢)دا کە پرۆسەی ڕێزگیری لە سەربەخۆیی گەلی کوردی خاوەن خاک و وڵاتی خۆی دابین کرد، توانییان هەم سەرکەوتن بۆ جێگیربوونی خۆیان لە ناوچەکەدا و، هەم ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە فەراهەم بکەن!

شاری (بەهار) لە باکوری ڕۆهەڵاتی هەمەدان بوو بە پایەتەختی دەوڵەتی سەلجووق و، کوردستانیش کە بۆ یەکەم جار ناوبرا بە (کوردستان) بە فەرمی لەم ڕۆژانەدا و لە سەردەمی (سوڵتان سەنجەر) سەلجووقی کۆچکردووی (١١٥٧)دا بوو. (حمدالله بن المستوفي القزويني)ش یەکەم مێژوونووسی سەردەم بوو کە باسی کوردستانی کرد لەناو کتێبە مێژووییەکەیدا (نزهة القلوب) وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ!

زۆر لە مێژوونووسان و ڕۆهەڵاتناسان ڕوونی دەکەنەوە و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە کورد هەر وەکو چۆن لە شەڕ و بەرگریدا ئازایە، هەر وەهاش لە بواری ئاشتی و دۆستایەتیدا هەر ئازایە! بۆیە دۆستی ئازا و سەرڕاستی کورد دەشێ بە دڵنیاییەوە بە ئامانجی ڕەوای خۆی بگا لە پاڵیدا!

بەشی دووەم

## هێرشی (جەنگیز خان) مەنگۆلی بەرەو بەغدا بە ناو کوردستاندا

جەنگیز خان – (تیموجین)، سەر بە تیرەی (یاکا)ی یاخی و سەرەڕۆی ناو بیاوانی (گوبی) لە مەنگۆلیا.. شەڕانیتر و بەهێزتر چەتە داگیرکەری لێشاوی دووەمی مەنگۆلییە داگیرکەرەکان! کوشتن لای جەنگیز خان ئاسایی و ڕاست بوو.. دەیگوت "ئەگەر بتەوێ بمێنیت، دەبێت بکوژیت، تا نەکوژراوی!" دایکە کوردەکان منداڵەکانیان دەترساند بە ناوبردنی مەنگۆلی لێیان، نەک بە گورگ! دەیگوت بێدەنگ بە، ئەگینا مەنغولییەکت بۆ بانگ دەکەم سەرت ببڕێت! هەڵمژینی خوێنی دڵی ساخی پیاوی ئازای کوژراو، دەرمانی ئازایێتی بوو لای مەنگۆلییە پیاوخۆرەکانی جەنگیز خان!

کورد، بەرامبەر بەم دڕندە خوێنمژانە، تەنیا کەسانێ بوون کە دەترسان لێیان! چونکە لە شەڕ و بەرەنگاریدا لە خۆیان دەچوون.. "بەردی ئەڵماس تەنیا ئامێرێکە بەکار دەهێندرێ بۆ بڕینەوەی ئەڵماس خۆی"!

جەنگیز خان دوای کوشتوبڕ و وێرانکردن و داگیرکردنی ناوچەیەکی فراوانی ئاسیای ناوەڕاست لە ساڵی (١٢٢١)دا و قەتڵوعامکردن و وێرانکردنی شاری (نیشاپوور) دووەم مەڵبەندی گەورەی ئیسلامی ژێر پارێزگاری سەلجووقییە نوێ موسڵمانەکانی سەر بە خەلافەی عەباسی لە بەغدا، گەیشتە ناو کوردستان لە هەمەدانەوە!

(تولی) کوڕە چکۆلە "ئازاکەی" جەنگیز خان زۆر بە پەرۆش بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئازایەتی لە باوکی "ئازایەوە"! وا گەیشتە نزیک هەمەدان.. ناو خاکی کوردان، هەتا لێرەوە بەرەو بەغدای نێچیری چەوری باوکی ڕێی

خۆی ببڕێ و هەڵمەت ببات! کوردانی (گۆران) لە گرد و دەشتاییەکانی نزیکی شار، داخ لە دڵ و خەفەتباری وێرانکردنی شاری نیشاپووری ئیسلامی و خەمخۆری شاری بەغدای خەلیفەی موسڵمانان، یەکەم ئەزموون بوو تولی ڕووبەڕووی بووەوە! لە پڕ وەک هەڵۆ، کوردی نەبەردی گۆران نیشتنە سەر ئۆردووی دەم خوێناویی تولی.. دایان پڵۆسین و لێیان کوشتن هەتا ویستیان و، هەر خێراش کشانەوە بەرەو دوا و خۆیان دا بە دەمیانەوە هەتا هێنایاننە شوێنی دەسنیشانکراوی خۆیان لە دەربەندێکی نێوان کێوەکانی نزیک کرماشان!

جا ئا لێرەدا بوو.. لەم مەڵبەندە سەنگەر ئاسا سروشتییەدا بوو کە شەڕوانانی کورد ئۆردووی شەڕانیی تولیی گومڕایان قەلاچۆ کرد و، نەیانهێشت کەسیان بە ساخی لێ دەربچێت! کوردی ئازا و مێرخاسی گۆران داخی دڵی خۆیان ڕشت و تۆڵەی شاری نیشاپووریان کردەوە و بەغدای خەلیفەی موسڵمانانیشیان ڕزگار کرد لە هەڵمەتی تولی خان!

بەغدا سەرەڕای چەوری و بێدەستەڵاتیی خۆیشی، لەو دەمەدا بووبووە مۆڵگەی پاشماوەی تورکمان و سەلجووقییەکانی ئاسیای ناوەڕاستی دژ بە جەنگیز خان، ئەوانەی کە لە (نیشاپوور- بخاری) بەرهەڵستییان کرد و کەوتنە بەر قەتڵوعامەکەی شارەکە! تولی لەبەر ئەمە لەسەری بوو بە گوێرەی فەرمانی باوکی، بدات بە سەریدا داگیری کات و لەوێوە پێوەندی بکات بە (یوجی) برا گەورەیەوە کە لە سەرڕێی بوو بەرەو ئەفریقیا و چاوەڕوانی بەدەرکەوتنی ئەم بوو!

بە نوشوستی و تێکشکانی لەشکری تولی، جەنگیز خانیش شکا و نەگبەتی شانی گرت! تووشی لێقەومانێکی خراپ بووەوە.. هەواڵی کودەتا و لێ یاخیبوونی ناو وڵاتەکەی خۆی پێ گەیشت! بۆیە بە پەلە گەڕایەوە و ناوچەکەی بەجێ هێشت! داخی کوردیش با بمێنێت لە دڵیدا تا جارێکی تر!

## داستانی قارەمانێتیی (ئەودۆ ئاغا)

داستـانی بە خـوێن ئـاودراوی ئازایەتی و فیـداکاریی گـەلی کورد زۆر زۆرە.. داسـتـانی (ئەودۆ ئـاغـا)ی قـارەمـان نموونەیەکـە لەم بارەیەوە، وەکـو (کـەپـتـان شێخ وەحید) بە سۆزێکی گەرمی مرۆڤایەتی دەیگێڕێتەوە لێرەدا!:

ئەوا ئەودۆ ئاغای شۆڕەسـوار ئێوارە لە ڕاو دێتەوە.. دەبینێ هـاوار و شـین و شیوەنە لەناو دێدا! (زەکیە) پەرییە گوڵاڵەسوورەکەی دەسگیرانی وا کەوتووە.. دیمەنێکی جـەرگبڕی مـۆن و سـامناک.. تەرمـێکی بێ گـیانی خـڵـتان لە خـوێن! زەکـیـەی دەسگیرانی خـۆشـەویسـتی کـە هـەر لەبەر ئـازایەتی و سـەربڵندی و بێباکیی خۆی، چەتە مەنگۆلییە دڕندەکانی دەستەی تولی کوڕی جەنگیز خان لێی دەکەون بە ڕقدا.. ئازاری زۆری دەدەن و، پاشـانیش کە هـەر بە ئازایێتی و سەربەرزیی خـۆی وەکو کیژە کوردێکی نەبەرد لێیان وەردەگـەڕێ و تف دەکاتە ناو چاویان، پەلاماری دەدەن و دەیکوژن!

ئەودۆ ئاغا شمـشێر ڕادەکێشێ و سـوێند دەخوات بە گیانی پاکی زەکیە کە شـمـشـێـرەکـەی نـابێ بکاتەوە بە ناو کـالانەکـەیدا هـەتا تۆڵەی زەکـیـە نەستێنێتەوە! هەڵمەت دەباتە سەر ئۆردووگای تولی کە وڕ و مـەست و لاڵ و پاڵ کەوتبوون، تێیـان دەکەوێ بە مل پەڕاندن و ورگ دڕینیـان و کوشـتـارێکی زۆریان لێ دەکات پێش ئەوەی بهێڵێ لێی بێنە دەست! هەتا لە دواییدا کە لە ئەسپە ئازا ئەمەکدارەکەی دەدرێت و دەکەوێت و خۆیشی بریندار دەبێت، بەڵام ناکەوێت و هەر دەجەنگێت هەتا هەموو گیانی خڵتانی خوێن دەبێت و هێزی لەبەر نامێنێت.. ئەمجـار تولی دێتە سـەری و بە شمـشێرەکەی دەسـتی سنگی ئەو قارەمانە کوردە نەبەردە شەق دەکات و دڵە زیندووە گەرمەکەی دەردەهێنێ و دەست دەکات بە هەڵمژینی خـوێنەکەی و دەنەڕێنێت لە خۆشـیـدا و دەڵێت "دڵی پیاوی گەورەی ئازا شایستەی هەڵمژینی پیاوی گەورەی ئازایە!".

بەشی سێیەم

## هێرشی (هۆلاكۆ خان) مەنگۆلی بۆ سەر بەغدا بە ناو كوردستاندا

(هۆلاكۆ) كوڕەزای جەنگیز خانە. لە تیرەی (یاكا)ی دڕ و یاخیی ناو بیاوانی (گوبی)یە لە مەنگۆلیا. داگیركردنی بەغدا و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێكی مەنگۆلی لە ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا هیوا و ئاواتی گەورەی هۆلاكۆ بوو! ئەویش بە هەر چۆنێك و بە هەر جۆرێك بێت.. كەتن و فێڵبازیش خولیا و هیوایەتی بوو!

كورد سەریان لە جەنگیز خانی باپیرەی شێواندبوو.. نەیانهێشت بە بەغدای نێچیری چەوری شاد ببێت! هۆلاكۆ گەرەكە تۆڵەی باپیرەی بكاتەوە.. كورد ببەزێنێت و بەغدایش داگیر بكات!

هۆلاكۆ لە تەوریزەوە وەك گورگی برسی دەرپەڕی و شالاوی برد.. خۆی گەیاندە مەهاباد.. لەوێشەوە بەرەو (خانە) بە چەتەگەری و كوشتن و بڕین و لەناوبردنی هەر كەس و هەرچی كەوتە بەردەستی! هەتا ئا لێرەدا، لە خانە، سەرڕێی هەولێر بەرەو بەغدا، كە شەڕوانانی كوردی نەبەرد لە ئۆردووی چنگ خوێناویی هۆلاكۆ ڕاپەڕین.. پێیان ڕاگەیاندن كە كورد نەبەزیوە و ڕێگەیان لێرەوە گەلێ دژوارە!

دوای پێكدادان و شەڕێكی سەختی نابەرامبەر لەگەڵ لەشكری دڕی هۆلاكۆدا، شەڕوانانی كوردی خاوەن ئەزموون – (دیارە شەڕەكەی نێوان كوردانی گۆران و تولی كوڕی جەنگیز خان لای كرماشان، وەكو ئاماژەی پێ كرا لە پێشدا، تازەترین ئەزموون بوو بۆ شەڕوانانی كورد لێرەدا)، كتوپڕ كشانەوە و هەڵاتن لە بەریاندا و كێشایانن بە دوای خۆیاندا بەرەو شوێنی

دیاریکراوی خۆیان – دەربەندێکی لەباری نێوان کێوەکانی نزیکی هەولێر. ئەمجار لێرەدا لێیان وەرگەڕانەوە و کەوتنە داپڵۆسین و لێدانیان لەمبەرا و بەری پیرە دەربەنددا و (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەسیان لێ کوشتن! لەناویاندا سەرکردەی ناوداریان (نیمان کیت بوغا)!

هۆلاکۆی گومڕای لووتشکاو.. کە ئەمەی دی لە کوردانەوە – بەرەنگارییەکی وەها سەخت و پلانێکی جەنگی وەها زیرەکانە، تاسان و سەرسووڕمانێکی قورس دای گرت! ئەوەی مابووەوە لە سوپا "قارەمانەکەی" خستییە دوای خۆی و بە پەلەپڕووزێ گەڕایەوە بۆ مەهاباد!

ڕێگەی هەولێر بەسەر خانەدا، بوو بە تەلیسمێک بۆ هۆلاکۆ خان! ئەگەر فێڵێک بەکار نەهێنێت ناگاتە ئامانجی خۆی! بۆیە دوای گەڕانەوەی بۆ مەهاباد و ڕێکخستنەوەی سوپاکەی، کەوتە خۆی و پەنای بردە بەر میر (توسی) شیعەی ئێرانی کە لە ڕێگەیەکی نزیک بە (خانەقین) هێنای بەم دیودا بەرەو هەولێر لە ڕێگەی (سلێمانی)یەوە![1]

سلێمانی ناوجەرگەی کوردستان داخی سەر دڵی هۆلاکۆ خان! یەکەم چەپۆکی خوێناویی وێرانکاری چەتە مەنگۆلییانی داگیرکەری ئاراستە کرا! لە ناکاودا و دوای تێکشکاندنی ئەو بەرگری و بەرهەڵستییە لاواز و نابەرامبەرەی هاتە بەریان، دایان بە سەریدا و وێرانیان کرد بە تەواوی! هۆلاکۆ بە وێرانکردنی سلێمانی داخی دڵی ڕەشی دانەمرکایەوە!

هەولێری دێرین و قەڵای بەناوبانگی نیشانەی بوو! گەرەکە بیگرێ و ڕێگەی

---

(١) سەبارەت بە شاری سلێمانی کە لە ساڵی (١٧٨٤)دا دامەزراوە لەلایەن (ئیبراهیم پاشای بابان)ەوە، ئەوەی لە ساڵی (١٧٨٣)دا کرا بەڕێوەبەری (مەڵکەندی) لەلایەن (سلێمان پاشا)وە و ناوی سلێمانیی لێ نرا و بوو بەپایەتەختی میرنشینێتیی بابان لە جیاتی (قەڵاچوڵان) کە ئەوسا پایەتەختی میرنشینێتییەکە بوو و، ئەم بەسەرهاتە ڕووی داوە لە سەدەی سێزدەمدا (١٢٥٧– ١٢٥٨)دا، کەواتە مەبەستی دانەر لەناوبردنی سلێمانیدا دەبێت ئەو شوێنە بێت کە شاری سلێمانیی لەسەر دامەزراوە!.

خۆی پاک بکاتەوە بەرەو بەغدا و، مەترسیی بەرەنگاریی نەمێنێت! جا ئیتر ئەمە بەهەر چۆنێک بێت لەو ڕێگە زۆرە فێڵبازییانەی لە دەردەسەریی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کوردانی کەللەڕەقدا دەیپارێزێت!

بەسەر لاشەی ژن و منداڵ و پیر و بێدەستەڵاتانی گەلی کورددا و بە وێرانکردنی هەر شوێنێکی سەر ڕێگەیان، ئۆردووی بە خوێن تینووی هۆلاکۆ ڕووی کردە هەولێر و کەوتە پەلاماردانی قەڵاکەی.(٢) قەڵای هەولێر دێوێکە! پێدا هەڵزنینی و زەفەر پێبردنی لە نەبەردی و نەبەزینی کورد خۆی دەچێت! هەرچەندە هەڵمەتیان برد و پێدا هەڵزنان و ئاگربارانیان کرد، قەڵای سامدار و کوردی نەبەردیان پێ نەسڵەمییەوە!

## قارەمانێتیی "ساڵح هەولێری"

ساڵح هەولێری شەڕوانی ئازای ناودار، هەڵبەتە ناوی لە لاپەڕەی دیرۆکی قارەمانێتیی کورداندا بە زێڕ نووسراوەتەوە! دوای پاشەکشێی ئۆردووی لووتشکاوی هۆلاکۆ لە قەڵا و خۆ ماتکردنیان لە دووری شار بۆ گەمارۆدانی و ترساندنی خەڵکەکە، ئەم فەرماندە دلێرە سەرەڕای دەست لێوەشاندن و هەڵمەتبردنی پەیتاپەیتای بۆ سەر لەشکری داگیرکەر، شەوێک لە ناکاودا هەڵدەکوتێتە سەر ناوجەرگەی ئۆردووگای دوژمن و، بارەگەی سەرکردایەتی بە تایبەتی و، بە تەواوێتی وێران و تاڵانی دەکات!

(ئەریکا نویان) سەرکردەی ئۆردووگای وێرانکراوی مەنگۆلییان، کە لە

---

(٢) لەبارەی هەولێر و قەڵاکەیەوە، مامۆستا ئەمین زەکی بەگ دەڵێت لە لاپەڕە (١٤٦-١٥١)ی (کورد و کوردستان)دا: "لە کاتی هێرشی هولاکۆدا بەرەو بەغدا لە سەرەتای ساڵی (٦٥٥ ک)دا کە بەشێک لە ئۆردووەکەی ڕووی کردە هەولێر بۆ تێکشکاندنی کورد و گرتنی قەڵاکەی، شەڕوانانی کوردی ناو قەڵا لە حاکمی قەڵا (تاجەدین سالابا) وەرگەڕانەوە کە دەیویست سەر بۆ هێرشبەران دانەوێنێت و قەڵاکەیان تەسلیم کات، لێی ڕادەپەڕن و دەکەونە بەرگری و بەرەنگاریی دوژمن و قەڵایان نەدا بە دەستەوە و ڕزگاریان کرد لە داگیرکردن!".

شـەوی هێـرشـەکـەدا لەلایەکی تـر بووە و بەرنەکـەوتبـوو لە لێـدانەکـەدا، لە ترساندا ڕووداوەکە لە هۆلاکۆ دەشارێتەوە بۆ ماوەیەک! هەولێر بەجێ دەهێڵێ و ڕوو دەکاتە دۆڵ و پەناکانی دوور لە شـار و خـۆ ون دەکات بـۆ مـاوەیەک بەو فێڵەی کە گوایە هەولێری بەجێ هێشت بە یەکجارەکی و ڕۆیشت!

دواتریش ئەریکا نویانی فێـڵبـاز شـاگـردی دڵسـۆزی هۆلاکۆ، کـە مـاوەیەک دوای ڕووداوەکە هۆلاکۆ ڕازی دەکات بە تەگبیـرەکەی خـۆی و، کە وەرزەکەش دەمـاوەدەمی هـاوین بوو، زۆری پێ نـەچوو لە خـۆ شـاردنەوەکـەیدا، کـە بوو بە هـاوین و قـەڵای هـەولێری شکۆمـەند بێ ناز کەوت و چۆڵ کرا لەگەڵ کۆچڕەوی خـەڵکدا بـەرەو کوێسـتـان و هـاوینـەهـەوارەکان وەکو دابی کۆنـی کوردان، لێی دەردەپەڕێ وەکو گورگی برسی و خـۆ دەکات بە نـاو قـەڵای بێ خـاوەنی چۆڵدا بە وێرانکاری و تاڵانکاری!

هـۆلاکـــۆ لەم دەمـــەدا – ســـاڵی (١٢٥٨) لـە نزیکی شـــاری بەغــدا بـوو، چاوەڕوانی خـاپووركردنی قـەڵای هـەولێر و نەهێـشتنی مـەترسیی کوردان بوو! جـا هـەر ئـەوەندەی "مـژدە"کـەی پێ گـەیشت، ئابڵـووقـەی سـەر شـاری بەغدای توندتر کـرد و، بە فـێـڵـێکی پیـسـی زۆر سـەیروسـەمـەرەی ناو هەگـبە چڵکنە فێڵبـازییـەکـەی خـۆی خـەلیفـەی بەغدا و دوو کوڕی هێنایە دەرەوەی شـار لای خۆی و سووک و ئاسان هەرسێکیانی کوشت لە بەرچاوی خۆیدا!

ئەمجار بەسـەر لاشـەی خـەلیفەی بەغدادا، هۆلاکۆی دڕندە تەکانی دا و خـۆی کرد بە ناو بەغدای لێقەوماودا! ڕووناکیی چرای گەشـی شارسـتـانێتـیی بەغدا کە هۆلاکۆی شـەمشـەمـەکوێرەی تاریکستانی کوێر کردبوو، خێرا کوژاندییەوە و دەمی پیـسی ژەندە نـاو جـەرگی شـاری داگـیـرکـراوی دامـاو و، مـاوەی دوو ساڵێک خۆی تێ گەوزاند!

لە فــەلـەســـتــینیــشــدا – (عــەین جــالـوت – ١٢٦٠) کــە هـۆلاکــۆ دوای بەجـێـهـێشـتنی بـەغدای کـۆسـتکەوتووی ژێر باری وێرانکاری و تاڵانکاری و قاتوقڕی و، ڕاپەڕین و هەڵمەتبردن و پەلاماردانی پارتیزانی شـەڕوانانی کورد

و[٣] عەرەبی ناو بەغدا و دەوروبەری، ئەو هێزەی بەرەنگاری ئۆردووە خوێنمژە ورگ ئاوساو و سەروگوێلاک شکاوەکەی بووەوە لێرەشدا هەر شەڕوانانی کوردی ڕکابەری بوون، ئەو هێزە سوارە کوردە شەڕوانە کارامەیە بوو کە (سوڵتان بیرس سەرەک کۆیلانی میسر- الممالیک، جێگرەوەی بەرەی ئەیووبی میسر دوای سەلاحەدین ئەیووبی)[٤] ناردبووی بۆ ئەم مەبەستە، ئەویش بە

(٣) لە سەردەمی فەرمانڕەوایێتیی سوڵتان (موزەفەرەدین کۆکەبری) زاوای سەلاحەدین ئەیووبیشدا لە هەولێر، کە (جەلالەدین خوارزمی)ی داگیرکەر هێرش دەکاتە سەر هەولێر و دەیەوێت قەلاکەی داگیر بکات، سوڵتان موزەفەرەدین توانی بە سیاسەتی ژیرانەی خۆی جەلالەدین پێمل کات و دەسبەردار بێت لە شەڕ و هێرش و، قەلای هەولێری پاراست لە داگیرکاری!.

(٤) سەبارەت بە بوون و نفووز و دەستەلاتی کورد لەو سەردەمەدا لەناو بەغدا بە تایبەتی و تێکڕای عێراقی عەرەب و هەروەها بەشێکی زۆری ولاتانی عەرەبی لە ناوچەی ڕۆهەلاتی ناوەڕاستدا بە گشتی، وەکو شەڕوان، زانا، ڕاوێژکار، کاربەدەست... هتد، کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی بەراییی پاکی ئیسلامێتی و، هاریکاری و خزمەتگوزاریی خەباتکارانی کوردی ئاینی و سیاسی لێرەدا، وەکو (کابان-کاوان) ڕابەری ئاینی ناوداری بەراییی ئیسلامێتی، (ئەبوموسلیم خۆراسانی) ڕۆڵە کوردی نەبەرد، ئەوەی کە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستیی ئەمەوی لە شام رووخاند و خەلافەی عەباسی دامەزراند لە بەغدا لە جێگەیدا، سەلاحەدین ئەیووبی، ڕۆڵە کوردی دلێری ناودار کە ئیسلامێتیی لە لەناوچوون ڕزگار کرد، وەکو قازی محیەدینی حەلەب دەڵێ: "ئەم دینە کە پێغەمبەری عارەب بوو خودانی، کورد هات و لە دەست دوشمنی دەرهانی"! هەر وەها و هەر لەم کارەساتەشدا بوو - هێرشی هۆلاکۆ بۆ سەر بەغدا، کە (میر عیمادەدین محەمەد ئەبی فەراس ئەلجاوانی) سەرکردە کوردی نەبەردی بەرهەڵستکار، سەر بە میرنشینێتیی کوردی (جاوان - گاوان)ی شەهید بوو لە ڕێگەی پارێزگاری بەغدای پایەتەختی دەوڵەتی ئیسلامیدا. بڕوانە (شەرەفنامە) ل ٢٣٣-٢٣٤، (جاوان القبيلة الكردية المنسية) دوکتۆر مستەفا جەواد، (چوار دەوڵەتی فەرامۆشکراوی کورد) ل ٥٤، مامۆستا جەمیل ڕۆژبیانی.

هاوکـاری و پشـتـیـوانیی کـورده سـوارچاکـەکـانی هۆزی (جـیـرجـیـریا)ی کوردستانی ڕۆئاوا _ سووریا.

## بەشی چوارەم

## هێرشی (تەیموور لەنگ) بۆ سەر بەغدا بە ناو کوردستاندا

لە باسی تیرەی تەرتار- تەتەر ڕەگەز مەنگۆلی، چەتە داگیرکەرەکانی سەرەتای سەدەی سێزدەم، مێژوونووس و زانای گەورەی ئینگلیزی (ئێچ جی وێلس) دەڵێت لە لاپەڕە (٢٠٦)ی کتێبە هێژاکەیدا (کورتە مێژووی جیهان) "بە ڕاستی ئەوەی ئەم گەلە یاخییە پێی هەستان لە خۆ ڕزگارکردنیان لە ژێردەستەییی چین و، پاشان پەلهاویشتن و پەلاماردان و داگیرکردنی هەر لایەک ڕوویان تێ کردووە بە چەتەبازی و کوشتوبڕ، شتێکی دەگمەنە و نموونەی کەمە لە مێژوودا!"

تەیموور لەنگ، ڕەگەز مەنگۆلی لە بنەماڵەی جەنگیز خان و هۆلاکۆ خانی چەتە داگیرکەرانە. لە ساڵی (١٣٦٩)دا بوو بە (خانی گەورە) لە (سەمەرقەند).

تەیموور لەنگ بە زەبربەدەستتر و دڕتر زۆرداری زەمانی خۆی ناوی دەرکردبوو دوای جەنگیز خان! ئەگەر دروشمی ئازایێتیی جەنگیز خان، "هەڵمژینی دڵی ساخی پیاوی ئازا" بوو، هۆلاکۆ خانیش بە "فێڵ گرتن و کوشتن" بەناوبانگ بوو، ئەمیش کە بکوژێکی زۆر"لێزانتر"ی دوای ئەوان بوو"کەللە مینار- قوللەی دروستکراو لە کەللەسەری خەڵکی بێدەستەڵات"، دروشمی پاڵەوانێتیی ئەمیش بوو!

ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و بەغدای نازدار و دەوڵەمەندی ژێردەستەڵاتی ڕەمزی خەلیفە عەباسییەکان بە ناو وڵاتی کورداندا، نیشانە و نێچیری قەڵەوی

باپیرانی تەیموور لەنگ، نیشانە و ئامانجی ئەمیشە!

تەیموور لەنگ بیستبووی کە کورد لەگەڵ جەربەزەیی و بوێریی خۆیشیاندا، خەڵکێکی زۆر دڵسۆز و سەرراستی ڕێگەی ئیسلامێتیشن. جا هەر وەکو چۆن پێش خۆی کۆسپی سەرڕێگەی باپیرانی بوون، دیارە بەرەنگاری ئەمیش دەبنەوە و سەر لەمیش دەشێوێنن! بۆیە هەر لە (قەرەباغ)ی ناوچەی (قەوقاز)ەوە و پێش کەوتنە ڕێ، کەوتە پلان دادان و ڕا و تەگبیر..!

هەڵبەتە ڕێگەی دیپلۆماسییەت – هەڵخەڵەتاندن و فێڵبازی دابی هۆلاکۆ خانی پێش خۆی، یەکەم هەنگاو بوو تەیموور لەنگی "زیرەکتر لە باب و باپیرانی" بەکاری هێنا لەگەڵ کورداندا! هەر لە قەرەباغەوە دەستەیەک لە پیاوماقووڵان و دەمڕاستانی خۆی نارد بۆ کوردستان و داوای لە کوردان کرد کە بە "دۆستی خۆیانی دابنێن و پێوەندیی لەگەڵدا ببەستن و، بە گوێرەی پێویستیش یارمەتیی بدەن بۆ گەیشتنی بە بەغدا!"

وەڵامی کوردانیش بۆ ئەم "هەڵوێستە بەرزە"ی تەیموور لەنگ، کە (ئیبن عەرەبشا) لە (عجائب المقدور في اخبار التیمور)دا دەیگێڕێتەوە، ئەمەیە: "کوشتنی میوان و دیل لای کورد کردەوەیەکی شوورەیی و ناشیرینە.. بەڵام ڕیسواکردنی ئەم پیاوماقووڵانەی تەیموور لەنگ بەو جۆرەی کە ڕوویان ڕەش کردن و دایان بەستن بەسەر پشتی کەراندا بەرەو دوا – پشتاوپشت و منداڵانیان لێ هان دان بە هەراوهوریا و گاڵتە پێکردن و دەرکردنیان لە ئاواییدا، ئەمە وەڵامی کوردان بوو بۆ "مەرحەمەتی" جەنابی تەیموور لەنگ لەگەڵیاندا!

تەیموور لەنگی زەبربەدەست دوای ئەم سووکایێتی پێکردنە هەرە ڕەق و توندە دوژمنکارییەی بینی لە کوردانەوە ئیتر چی تر خۆی پێ ڕانەگیرا "جبە دیپلۆماسییەتەکەی" فڕێ دا و چووەوە ناو پێستە گورگایەتییەکەی خۆیەوە!

هەر ئەوەندەی بەفرە قورسەکەی ئەو ساڵەی کوردستان سووک بوو، تەیموور لەنگ لە ڕووباری (ئاراس)ەوە پەڕییەوە.. چ لایەک زۆر بێدەرەتانە و چ

ڕێیەک زۆر ئاسانە، وەکو پێشەکی بۆی دەسنیشان کرابوو لەلایەن دیدەوان و دەمڕاستە تێهەڵدراوەکانیەوە لە ناوچە کوردنشینەکانی سەرڕێگەی بەرەو بەغدا، تەیموور لەنگ ڕووی تێ دەکات و شالاو دەباتە سەر خەڵکی بێدەستەڵاتی کورد لە پیر و منداڵ و ژن و پەککەوتە و دەکەوێتە ملپەڕاندن و سەربڕینیان! "ملپەڕاندن و سەربڕین".. نەک کوشتنی ئاساییی وەک ئەوانەی پێش ئەم کردوویانە.. چونکە تەیموور لەنگ کە لە پێشینە دواکەوتەکانی خۆی پێشکەوتووترە! هەروەها لە هونەری کوشتنیشدا دەبێ لەوان چالاکتر و زیرەکتر بێ و ئەوەی ئەم دەیکات گەرەکە "داهێنانێک" بێت!

جا ئەمەیە.. ئەم مل و سەرە بڕاو و پەڕیوانەیە لە کوژراوانی خەڵکی بێدەستەڵاتی کورد کە کۆ دەکرێنەوە و هەڵدەچنرێن لەسەر یەک وەک قوللە ناو دەبرێن بە "کەللە مینار" و تەیموور لەنگ خۆی پێوە دەنوێنێ وەک "داهێنانی نەدیو و نەبیستراوی خۆی" و ژمارەیان دەگەیێنێتە (١٢٠ – سەد و بیست) کەللە مینار!

هەڵبەتە گەلی کوردی نەبەرد تالآوی سەختی خۆی دایەوە بۆ ئەو سووکایێتی و پەتپەتییەی کردی بە"پیاوماقوولانی" تەیموور لەنگی زەبربەدەست و، "کەللە مینار" لە سەری بڕاوی بێدەستەلآتانی بوون بە"داهێنانی بێ هاوتای تەیموور لەنگ"!

بەلآم بۆ سەردانەواندن بۆ ئەم دیکتاتۆرە سەرشێتە، کورد هەر کوردە و، هەر نەبەز و هەر کوردە بەزۆر داگیرنەکراوەکەیە! ئەوەتا پەلامارادان و هەڵمەتبردنە سەر ئۆردووە چنگ خوێناوییەکەی پەیتاپەیتا و لە ناکاو و لە پەنادا بە کوشتار و تێکشکاندن و تالآنکردنی بارگە و بنەی ڕۆژانەی لە هەرلایەک، تا ناچار کرا ناوچەکە جێ بێڵێت و خۆ لابدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی کوردانی سەرسەخت و، بەرەو بەغدای مەرام و ئامانجی گەورە و گرانی پەل بکوتێ و ڕێی بگرێتە بەر بە هەر چۆنێک بێت..!

تەیموور لەنگ لە دەرچوونیشیدا لە بەغدا بە دەرکراوی و ڕیسوایی و

شپـرزەیی وەکـو هـەمـوو چـەتـە داگیرکـەرەکانـی پێش خـۆی و دوای خـۆی، لە گـــەڕانـەوەیدا بۆ تـەورێز لە ســـاڵـی (٨٠٣ ک)دا بـە ناو وڵاتـی کـــوردانـدا – کوردسـتانی کۆسپی سـەرەخـۆرەی داگیرکـەران، دیسان کـەوتەوە بەر هێرش و پەلامـاردانی شـەڕوانانی کورد و کوشتـارێکی زۆریان کرد لە سوپا داهێـزراوە سـەرلێشـێواوەکەی! وەکو مـامۆستا ئەمین زەکی بەگیش ئاماژەی پێ دەکات بە کورتی لە لاپەڕە ١٥٧ی (کورد و کوردستان)دا!

## بەشی پێنجەم

## هێرشی (نادر قولی خانی ئەفغانی) بۆ سەر بەغدا بە ناو کوردستاندا

لە دوای تەیموور لەنگ لە سـالّی (١٤٠٤ز)وە هەتا هاتنی ئەم چەتە داگیرکەرەی تر "نادر قولی"، لە سالّی (١٧٣٣)دا کە نزیکی سێسەد و پەنجا سالّە، زۆر دلّداری تری بەغدا و داخ لە دلّی کوردانی خەمخۆری بەغدا سەریان هەلّدا لەم ناوەدا و، شادیش بوون پێی و جێگیر بوون تێدا! وەکو سەفەوییەکانی ئێران لە نێوان سالآنی (١٥٠٨ – ١٥٣٤)دا و وەسمانییەکانی تورک لە نێوان سالآنی (١٥٣٤ – ١٩١٨)دا! بەلآم چونکە ئەمانە _ "هاودین و دۆست و دراوسێ و، تەنانەت لەسەر خواست و ویستی کاربەدەستانی بەغدا خۆی گەیشتبوونە ئێرە، دیارە ناچنە خانەی داگیرکەرانەوە، یان هیچ نەبێ بەزۆر داگیرکەر"، وەکو کەپتان شێخ وەحید دەلّێ! ئەویش چونکە باسەکە لەسەر داگیرکەرە یاخییەکانی چەشنی مەنگۆلییەکانە و، چونکە کوردیش دوای ئەو فیداکاری و نەبەردییەی نواندیان لە بەرهەلّستیی داگیرکەراندا، توانییان لەناو ئەمانەی دواییشدا – "دۆستانی نوێی بەغدا"، هەر سەربلّند و خاوەنی سەنگ و شوێنی شیاوی خۆیان بن وەکو شەڕوان و فەرماندەی ئازا و کارامەی پێشەنگی سوپای شەڕی هەردوو لایان!

هەرچەندە لە کاتی (شاه تەهماسپ)ی سەفەویدا لە سالّی (١٥٣٤)دا کە بە زۆرەملێ خۆی کرد بەناو کوردستاندا و تەکانی دا بەرەو بەغدا تاکو نەهێلّێت بەغدای "خۆشەویستیان" لە دەست خۆیان دەرچێت و بکەوێتە ژێردەستی وەسمانییەکان! کوردی هەرگیز بەرهەلّستکاری داگیرکەران لێی ڕاپەڕین و، نەیانهێشت بە مەرامی خۆی بگات و بەغدایان ڕزگار کرد لە دەستی! بەلآم

بەهەرحاڵ کە باسەکەمان لەسەر نادر قولیی دواین داگیرکەری بەرەو بەغدایە، وا دەگەڕێینەوە سەر داگیرکەری ناوبراو.

نادر قولی ناو دەبرێت بە (نادر قولی خانی ئەفشار)، کە سەر بە تیرەی (ئەفشار)ە لە ئەفغانستان. ئەفسەرێکی سەرەڕۆ و گومڕا! هەر بە زۆرەملێ و رکابەری و رەگەزپەرستی و، هەروەها بە هۆی لاوازی و زەبوونیی دەوڵەتی سەفەویی ئێران لەودەمەدا، خۆی کرد بە تاکە فەرمانڕەوای دیکتاتۆری ئێران و، لە سەرەتای سەدەی هەژدەوە دەستی کرد بە پەلاماردان و داگیرکاریی وڵاتانی دەوروبەری!

بەغدای گەرم و نەرمی داستانی "هەزار و یەک شەو"ی ژێردەستی تورکانی وەسمانی بوو بە نیشانەی گەورەی هەڵمەتی نادر قولی خان! بەڵام چۆن و بە چ فێڵ و پیلانێک خۆی گەیاندێ...!؟ وەڵام لە سەرهەڵدانی ناوبراودا لە بەردەرگەی بەغداوە دەردەکەوێت!

نادر قولی خان وا لە (١٧٣٣/٧/١٧)دا گەیشتە نزیک بەغدا و هەناسەی سەرفیرازیی هەڵکێشا کە لە دەستی کوردانی بەرهەڵستکار و کۆسپی سەرڕێگەی گەیشتنی بە بەغدا دەرباز بوو و گەیشتە نیشانەی دیاریکراوی خۆی! بەڵام نا، خەیاڵی خاو بوو.. ئەوە لێرەدایە، لە بەردەرگەی بەغدای دوور لە کوردستان، کە کورد – (شەڕوانانی کارامەی ژێر فەرماندەی سەرلەشکری تورک (توپاڵ عوسمان پاشا) لە پڕ لێی ڕاپەڕین و کەوتنە داپڵۆسینی ئۆردووە شڵەژاوەکەی و، ناچاریان کردن بە گەڕانەوە و هەڵاتن! نادر قولیی گومڕا لووتی شکا و نەیتوانی بە مەرامی خۆی بگات و پێ بنێتە ناو بەغدا!

جا ئا لێرەدایە کە نادر قولی خان سوێند دەخوات، وەکو سکرتێرەکەی گێڕاویەتییەوە، کە "دەبێ کورد لەناو ببات، ئەمجار نا جارێکی تر!" بۆیە نادر قولی داخ لە دڵ دوای دە ساڵ و لە ساڵی (١٧٤٣)دا دیسان سەرهەڵدەداتەوە لە ناوچەکەدا و، ڕاست ڕوو دەکاتە (مووسڵ)، گەورەترین شاری کورد. دەسبەجێ گەمارۆی دەدا و دەکەوێتە ئاگربارانی! بەڵام بەرەنجام هەر چی

کرد و هەوڵی دا، نە توانی شوورای قایمی شاری گەورەی کوردان بلەرێنێ و، نە کوردی نەبەردی ناویشی ببەزێنێ! نادر قولی بەمە.. بەزین و نوشوستی و ڕیسوایی بە دەستی کوردی ڕکابەری، هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوەوەی وڵاتەکەیاندا "بەغدا و مووسڵ" نیشانەی یەکەم و دووەمی هەڵمەتەکەی، ئیتر پسا! تاقەتی بەربەرەکانێ نەما لەگەڵ کوردانی "شەڕانیدا"، سەری هەڵگرت و ناوچەکەی بەجێ هێشت بە لووتشکاوی و ڕیسوایی بە یەکجارەکی!

کۆتایی – تەواو بوو لێرەدا کورتە داستانە مێژووییەکەی کەپتان شێخ وەحید لەبارەی مێرخاسی و فیداکاری نموونەیی کوردەوە لە مەیدانی بەرەنگاری و بەرهەڵستیی داگیرکەران و خزمەتی ئیسلام لە ڕابردوودا – سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست. بەڵام بەرامبەر بە باری ئێستای کورد – گەلێکی داگیرکراو و دابەشکراوی ناو دەوڵەتانی ئیسلامی دەوروبەری – ڕێز و ماف و چارەنووسی.. دەبێ کەپتان شێخ وەحیدی مێژوونووسی ئیسلامی سیاسی هەڵوێست و دید و ڕای چی بێت لەسەری؟! بەشی کۆتایی باسەکەمان _ (کورد و شۆڕشە هاوچەرخەکانی لای کەپتان شێخ وەحید) وەڵامی ئەم پرسیارەیە!

## کورد و شۆڕشە هاوچەرخەکانی لای کەپتان شێخ وەحید

دیارە پرسی کورد و، خەبات و ئازایێتی و فیداکاریی کورد، کۆن و نوێ، لای کەپتان شێخ وەحید خاوەنی کتێبی (کورد و وڵاتەکەیان) سەرچاوەی سەرەکیی ئەم باسە، دەبێ هەر برێتی بێت لە فیداکاری و قوربانیدان لە پێناو ئیسلامێتی و بەرژەوەندیی گشتیدا! بەڵام کورد خۆی میللەتێکی داگیرکراوی ژێردەستە، خاوەن خاک و ماف و مێژوو و داو و کولتووری خۆی، کە جارێک کەوت بە دەردە کوشندەکەی خۆی "یەکنەگیری" بە تایبەتی! ئیتر نابێ هەستێتەوە و فیداکاری و ئازایێتیی خۆی بۆ خۆی بەکار بێنێ و داوای مافی شەرعی و یاسایی چارەنووس و سەربەخۆیی بکات؟!

بەڵێ، پێ دەچێت هەر بەمجۆرە بیر و سیاسەتە "موسڵمانێتی"یەوەیە کە

کەپتان شێخ وەحیدی "موسڵمان" لەسەر کوردی نووسیوە. هەر بۆیەش بە ڕاشکاوی دەڵێ لە پێشەکیی کتێبەکەیدا "هەوڵی من لە باسکردنی کورد لە کتێبەکەمدا بۆ دەرخستن و بەرزکردنەوەی کێشەی کورد نییە، کە ڕەنگە هەر نەبێت، بگرە بۆ ناساندنی خوێنەرە بەم گەلە گەورە نەناسراوەیەی پێی دەڵێن کورد"! لە هەمبەر ناونەبردنی کوردستانیش بە کوردستان، دەڵێت "من ناوی وڵاتی کوردم نەبردووە بە کوردستان، هەرچەند ئەمە ناوی وڵاتی کوردە، چونکە ئەم ناوە "کوردستان" بووەتە دروشمی جوداخوازە ڕەگەزپەرستەکان بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بە دابڕین و داتاشینی چوار پارچە لە وڵاتانی دەوروبەریەوە، کە ئێران و عێراق و تورکیا و سووریایە، کە ئەمەش تێکدانی ڕیزی موسڵمانان و خزمەتی ناحەزانی ئیسلامێتیی لێ دەکەوێتەوە".

ئەمەش هەندێک لە ڕاپەڕین و شۆڕشە بێ بەختە هاوچەرخانەی کوردە کە دەکەونە بەر پلار و تەشەر و توانجی کەپتان شێخ وەحیدی موسڵمان:

## شۆڕشی خان مەحموود یان مەحموود خان

کەپتان شێخ وەحید بەناوبردنی شۆڕشەکە بە "یاخیگەری و سەرپێچی" و، سەرکردەکەشی بە "گومڕا و سەرلێشێواو"، دەست پێ دەکات و دەڵێت: "دوای ئەوەی کە لێ وەرگەڕانەوەکەی (ئیبراهیم پاشا) لە میسر لە ساڵی (١٨٣٢)دا و بزووتنەوەی (وەهاب)ییەکان لە عەرەبستان بوون بە دوو نموونەی سەرپێچی و وەرگەڕاندنەوەی موسڵمانان لە ڕووی ئیمپراتۆریەتی تورکی ئیسلامیدا بۆ گەلی کوردی سادە، زنجیرە یاخیگەری و سەرپێچییەک بەرپا بوو لەناویاندا! خان مەحموود کە لە حاڵەتی یەکەمدا دادەنرێت بە سەرکردەیەکی کوردی گەورە، بەڵام گومڕاو سەرلێشێواو، دەکەوێتە خۆی و پەلاماری ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی فەرمانداری تورک (ئیسحاق پاشا) لە وان دەدات و داگیری دەکات! هێز و دەستەڵاتیشی وەها پەرە دەستێنێ و بڵاو دەبێتەوە بە ناوچەکەدا کە هەر بە ناو پابەند دەبێت بە حوکمی تورک لە ناوچەکەدا! خان

مەحموود لە بنەماڵەی بەناوبانگی (عەبدال خان) یەزیدی هەکاری و (یەزدان شێر)ە. پێوەندیشی لەگەڵ (بەدرخان بەگ) زۆر خۆش بوو – بەدرخان بەگ، ئەو سەرکردەیەی کە چەند ساڵێک بوو خەونی بە خۆیەوە دەبینی وەک "پادشای کوردستان"!

خەڵک لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی مەحموود خاندا هاواریان بوو لە دەست باج و خەرجی زۆر، بەڵام کە هێمنی و ئاسایشی بەرقەرار بوو لە ناوچەکەدا، خەڵکەکە دڵخۆش و ئاسوودە بوون! خان مەحموود پێوەندی و هاوپەیمانێتیی خۆش بوو لەگەڵ سەرکردە ئەرمەنییەکان، هەروەها لەگەڵ سەرۆک تیرەکانی شکاک و ئەترووشی و گەلێ تیرە و هۆزی تری کورد. یەزیدییە (میهرانی)یەکانی باکوری سووریا و چیای شنگالیش پێشڕەو و پێشەنگی سەرەکیی لەشکرەکەی بوون!

ئەمە بوو بە کورتی باسی شۆڕشەکەی مەحموود خان لای کەپتان شێخ وەحید کە بە"گومڕا و سەرلێشێواو" دای دەنێت، ئەویش دیارە هەر تەنیا لەبەرئەوەی کە ناوبراو – خان مەحموودی کورد، کوردێتیی خۆی و خۆیبوونی کوردی نواندووە و ڕای گەیاندووە لە ڕووی دەوڵەتی تورکی موسڵمانی "حەق بەدەستی خوا پێداودا"! وەکو دەخوێندرێتەوە بە ڕوونی لە ڕا و بۆچوونیدا.

## شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران – ١٩٢٥

ئەم شۆڕشە جەماوەرییە گەورەیە کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا زۆربەی سەرۆک هۆز و جەماوەری ستەمدیدە و ئازادیخوازی کوردستانی داگیرکراوی ژێر چنگی ڕێژیمی تورکی شۆڤێنیی لێ کۆ بووەوە لە هەر سێزدە ناوچە (ولایەت)ە کوردنشینەکەدا و، کە هەر زووش لە ڕێگەی ڕابەرانی خەباتکاری نیشتمانپەروەرییەوە وەکو (دوکتۆر فوئاد و کۆڵۆنێل خالید بەگ جبرانلی و فەهمی لیجی) و ئەفسەر و لاوانی شۆڕشگێڕی تری کورد خۆی نواند و پێناسە کرا وەکو شۆڕشێکی نەتەوەیی نیشتمانی، لای کەپتان شێخ وەحیدی موسڵمان "بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە بوو! لەسەر هەڵوەشاندنەوەی دیوانی

ئەوقـاف و بڕینی مـووچـە و بەراتی شـێخ و مـەلایان بوو لەلایـەن کـاربەدەسـتـە عیلمانییەکانی ڕێژیمی تازەی دەوڵەتی تورکدا".

ئەمـەو لە کاتێکدا کـە هـەر خـۆی کەپـتـان شـێخ وەحـیـدی موسـڵمـان دەڵێت لە پێـشـەکـیی بـاسـی بزووتنەوەکـەدا: "دوای هێنده هێـمنی و ئـارامی مـاوەی نۆ سـاڵێکی نـاو خـاکی کوردان لە تورکیـا، یاخـیگەرییـەکی چـەپەڵی تری کوردان (واتە شـۆڕشـەکەی شـێخ سـەعید) و هـەوڵدان بۆ دامـەزراندنـی کوردسـتـانێکی سـەربەخۆ بەرپا بووەوە!

هـەروەهـا سـەرۆک دادگـە خـۆی، ئەوەی فـەرمـانـی لەداردانـی شـێخ سـەعـیـد و هـاوڕێکانی دەردەکـــات دەڵێت بە ڕاشـکاوی لە بڕیارەکـــەیدا "ئـەوانەی ئـەم هەرایەیان بەرپا کرد مافی نەتەوایەتییان دەویست!" بڕوانە (شەرەفنامە لاپەڕە ١٤٩، یەحیا خەشاب)

یان شـۆڕشـەکەی (دەرسیم) دە سـاڵ پێش شـۆڕشـی شێخ سـەعید و، بەر لە مـەسـەلەی "ئەوقـاف و کـاروباری ئاینی"، کـە گڵـپەی شـۆڕشـی کـورد بڵێسـەی سـەند بە دەم شـیـعـری شـاعـیـری شـۆڕشـگێـڕی کـورد (عـەلی شـێـر)ەوە و، شـارەکەش پتر لە سـاڵێک لەژێر دەسـتـەڵاتی شـۆڕشـگێڕانی کوردا مـایەوە؟! دیسان، مەگەر هەر ئێرەش ـ دەرسیمی بنکەی شۆڕشگێڕانی کورد نەبوو کە چەپەڵترین کـەتنی نـامـرۆییی پێ کـرا و چەکی کـیـمـیـایـیی کـۆمـەڵکوژی نەفرەت لێکراوی جــیــهـــانی بۆ بـەکـــار هـێنرا لەلایـەن ڕێژیمی تـورکی ئـیـســـلامی دیموکراتییەوە؟! بڕوانە (دەرسیم لە مێژووی کوردسـتـان)دا و (کوردسـتـان و شۆڕشەکانی - دوکتۆر جەمال نەبەز).

لە باسـی عـەلی شـێـریشـدا، شـاعـیـری شـۆڕشـگێـڕی گـەورەی کـورد و، هـاوسـەری خەباتکاری (خـاتوو زەریفە)، هـەمان سـەرچاوە دەگێڕێتەوە: "کـاتێ (عـەبدوڵڵا ئـالب دوغـان) جـەنـەڕاڵی تورک دەکـەوێتـە هـەوڵی لەناوبردنی عـەلی شێر بە دزی و لە پەناوە، کە ڕووبەڕوو پێی ناوێرێ! (ریبر) ناوی زۆڵە کوردی بۆ بەکرێ دەگرێ و، تـا دوای ماوەیەک شەهید دەکرێت بـە دەستی زۆڵە کوردی

ناوبراو و، سەریشی دەبڕێت بە مردوویی و دەیبات بۆ جەنەراڵ تا باوەڕی پێ بکات و بەخشیشەکەی بداتێ! جەنەراڵیش کە بە دیمەنی ئەم کەللەسەرە بە سام و هەیبەتە دەسڵەمێتەوە! ڕوو دەکاتە بکوژە دڕندەکەی و پێی دەڵێت ئەگەر تۆ کەسێکی ئەوەندە پیس و ناپاک و دڵڕەق بیت تەنانەت بەرامبەر بە کەسێکی گەورەی وەکو ئەم پیاوە لە خۆتان، کێ دەڵێت ئەگەر بۆت هەڵبکەوێت سەری منیش نابڕیت و نامخۆیت!؟ بۆیە جەنەراڵ هەر خێرا فەرمانی کوشتنی دەردەکات و، پاشان چنگێک پارە دەخنێتە ناو دەمیەوە بە مردوویی و تفێکی لێ دەکات و دەڵێت ها ئەوە بەخشیشەکەتە بیگرە بیخۆ، بەڵام لە گۆڕەکەتدا نەک لێرە".

شایانی باسە شێخ سەعیدی گەورە نموونەیەکی بەرزی "دڵپاکی و سەرراستی" کورد، (بەشێک لە خەسڵەتە سەرەخۆرەکەی بەرامبەر بە "درۆ و گزنی" داگیرکەرەکەی) شێخی گەورەی ئاینی ڕێبازی نەقشبەندی بوو. کوردایەتییەکەشی لە بڕوا ئاینەکەی بێهێزتر نەبوو، ئەگەر بە کوڵتر و بەهێزتر نەبووبێت. هاوڕێی باوەڕ پێکراو و سکرتێری یەکەمی (دوکتۆر فوئاد) سەکیولار - عیلمانی و زانای دونیایی بوو.. بەرامبەر بە ڕەخنە و نارەزایی مریدانیشی لەبارەی هەڵوێستی (فەهمی لیجی) شۆڕشگێڕی گەورە پیاوی دەستەڕاستی خۆیەوە، کە گوایە "پیاوێکی کافرە، گوێ ناداتە ڕێوڕەسمی ئاینی"! شێخ دەمکوتیان دەکات و دەڵێت "بەڵێ فەهمی کافرە و زیاتریش، بێ دینە و زیاتریش، بەڵام کوردێکی ڕاست و مەردانەیە. ئەگەر فەهمی مرد لە گۆڕستانی موسڵمانان‌دا مەینێژن، ئەگەر دەتانەوێت. من هەر ئەوەندەم لە دەست دێت بیکەم بۆتان.. دادوەری گەورەش خوای گەورەیە، ئەو دەزانێت کێ چاکە کێ خراپە.. کێ موسڵمانە و کێ کافرە.

لە کاتی لەداردانیشیدا، شێخی گەورەی نەمری کوردان دەڵێت لە دوا وتەیدا: "من سەربەرزم کە خۆم بەخت دەکەم بۆ نیشتمانەکەم، تاکو ڕۆڵەکانمان سەربەرز بن و ملکەچ نەبن بەرامبەر بە داگیرکەرانی نیشتمانمان "! بڕوانە (مانگنامەی سەکۆ ژمارە ١١ _ ١٩٩٩/٢/٢٨، بەرلین/ئەڵمانیا).

## شۆڕشی خۆیبوون - ئاگری - ئارارات (١٩٢٧ - ١٩٣٠)

ئەم شـــۆڕشـــە بێـبـــەخـتـــەی تری کـــورد، کـــە ئەمـــیش هەر "یاخـیـگەری و سەرپێچییەکی" ترە لەلایەن کوردەوە لای کەپتان شێخ وەحید. ئەو "ژێلەمۆیەیە مـابووەوە لەژێر ئاگری یاخیگەرییە لە ڕواڵەت دامرکاوەکەی شـێخ سـەعیدی پیـراندا کـە دوژمنانی دەوڵەتی تورکی مـوسـڵـمـان فـوویان پێـدا کـرد و گەشاندیانەوە".

هەڵبـەتـە بەرەنجـامی ئەم شـۆڕشـەش، وەکـو هـەمـوو شـۆڕشـە پچـڕپچـڕ و جیاجیاکانی تری کورد، هەر ڕەنجەڕۆیی گەلی کوردی هەرگیز فیداکار و هەرگـیـزیش دامـاوی دەسـتـی سـەرۆکـانی بەرچاوتەنگ و یەکنەگـیـریـی لێ کەوتەوە. شایانی باسیش لێرەدا ئەو نموونەیە لەم گەلە دڵپاکە ئازا فیداکارەی کوردەوە کە مامۆستا هەژار موکریانی مێژووزانی گەورە دەیگێڕێتەوە لە زاری سـەرکـردەی شـۆڕشـەکـەوە (جەنەراڵ نووری ئیـحـسـان پاشـا) لە لاپەڕە ٢٥ی پێشەکیی شەرەفنامەدا و، دەڵێت:

"تورکـان لە شـۆڕشی ئاگری داغدا هەر کـوردێکی شـۆڕشگێڕیـان بە دیل بگرتبـایە، سـەریـان دەبڕی و لە گـۆی پرد و دەم ڕێگەیان بەسـەر دارانیـانەوە دەکرد، تاکو کوردانی پێ چاوترسێن بکەن! جا شـۆڕشگێڕانی کوردی ئاگری داغ، هەر دەستـەیەک نۆرەی دەرچوون و بەگژداچوونی تورکانی دەهات، بەر لە هەر کارێک ڕیشی خۆیان لووس دەتاشی و سمێڵیان بادەدا و تاوێکی باش بە خـۆیاندا دەهاتن.. دەیانگوت ئەگەر کـیـژە کورد سـەری براومـان بە دارانەوە ببینن با جوان و لە بەرچاو بین و حەزمان لێ بکەن و بێزمان لێ نەکەنەوە!"

## شۆڕشی بەدرخان بەگ

بەدرخـان بەگ، کە کەپتـان شێخ وەحید دای دەنێ بـە "پادشا بە خـەیاڵ تاج لە سـەرەکەی دە سـاڵەی دوایـیی نیـوەی یەکەمی سـەدەی نـۆزدەمی کـوردسـتـان"، دەڵێ "ئەوەندە گـومـڕا و بایهـەوا بوو کە فـەرمـانی سـوڵـتـانی دەوڵـەتی تورکی

مـوسـڵـمـانـی شکاند و نەچوو بۆ شـەڕی ڕووس و، تۆمـەتی کـوشـتـاری ئاسـوورییـەکـانـی سـاڵی (١٨٤٢ _ ١٨٤٣)شی دەخـاتە پاڵ! هەروەهـا هۆی بەرپابوونی شـۆڕشـەکـەشی دادەنێت بەو پڕوپاگـەندە چەپەڵانەی دوژمـنان بڵاویان کردبووەوە لەناو کورداندا بۆ شێواندن و تێکدانی ڕیزی موسڵمانان!"

شایانی باسە میر بەدرخان - (بەدرخـان بەگ)ی کەپتان شێخ وەحید، ڕۆڵە کوردی خوێنگەرم، کە هەر وەکو چۆن بە ئازایێتی و نەبەردیی خۆی لە ساڵی (١٨٤٢)دا بڕیاری دەوڵەتی سـەربەخـۆی کـوردی ڕاگـەیاند، هەر وەهـاش بە ژیری و دووربینیی خۆی بەر لە هـەر شتێک کارگـەی دروستکردنی کەرەستـەی شـەڕی بەرگریی دامـەزراند و، شـەش سـاڵی تەواو و بە سـەربەخـۆییی تەواو فەرمـانڕەوایێتیی دەوڵەتی بۆتانی کرد. بەڵام بەرەنجام شـەڕی پایە پلە، خووی سـەرانی کوردی خۆپەرست و بەرچـاوتەنگ، چنگی چڵکنی لە گـەردنی ئەمیش توند کرد.. ئەمیش بە دەستی ئامۆزای خـۆی (عیزەدین شـێر)- ڕێوییە شـێری دەستی داگیـرکەر، پشتی شکا و دەوڵەتەکەی لەناوچوو! بڕوانە (کـردسـتـان والکرد - لاپەڕە ٤٩، دوکتۆر جەواد مەلا).

## شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید - ١٩١٩

لە هەمبەر واقیع و بارودۆخی جیاوازی ئەم شۆڕشـە - کات و سـاتی لەبار و ڕەخـسـاوی خـۆی، داواکـارییـە ڕاست و ڕەواکـانی لە دەوڵەتی بەریتـانیـای حوکمڕانی ئەوسای عێراق لەبارەی مافی گەلی کورد و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیەوە لە پاڵ دەوڵەتی عەرەبیدا لە عێراق بە گوێرەی گفت و بـەڵێنی بەریتانیا خۆی، کـەپتـان شـێخ وەحید، با هـەر بـە سـیاسـەتە "مـوسـڵـمـانییـەتیـەکـەی" خـۆیشی - پلار و تەشـەر و توانج لە شـۆڕشـە هاوچەرخـەکانی کورد، لەسـەری نووسیبێ، بەڵام کە باسەکە وەک پەند و ئەزموونی مێژوویی، بایەخ و گرینگی خۆی هەیە بۆ ئێمـەی گەلی کوردی مێژوو شێـواو و دزراو و ونبوو، پێویست بە خـوێندنەوەی مـێژوومـان، وا بە تێکسـتـە ڕاڤـەکـراوەکەی خـۆیەوە دەیخـەینە بەرچاو، لەگـەڵ ئاماژەکـردن لە پێـشـدا بەو کـۆمـەڵە باس و نـامـە مـێژووییـیـە

پێوەندار بە باسەکەوە، وەکو:

١- هەڵوێستی شێخ مەحموود و سیاسەتی بەریتانیا لە سەردەمی باسی چارەنووسی گەلانی بندەستی ئیمپراتۆریەتی تورکی ڕووخێندراودا و، پێش"لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە" وەکو لە (کتێبی خاک) بەشی سێیەم، نووسینی (دەیڤد کۆرن) وەرگێڕانی (ئاوات عەبدوڵڵا)دا هاتووە:

"بەریتانیاییەکان بە دوای کەسێکدا دەگەڕان کە دڵسۆزانە ئەو ئەرکەیان-(کاروباری حوکمڕانی)ی بۆ ئەنجام بدات و خۆیان لە کێشەی بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆ و سەرێشە و خەرجییەکانی کارەکە لادەن. شێخ مەحموود هاتنی بەریتانیاییەکانی بە دەرفەتێک زانی بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد.. خوازیار بوو بەریتانیاییەکان یارمەتیی کورد بدەن تا بتوانن دوای وەیشوومەی ئەو شەڕە کارەساتبارەیە بووبووژێنەوە و بێنەوە سەر خۆیان و، فێری بنەماکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی سەردەم ببن و، ستەمکاری تورک و فارس و عەرەبەکانیان بەسەرەوە نەمێنێ و، بخرێنە ناو لیستی ئەو گەلانەی شاد بوون بە سەربەخۆیی خۆیان دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی تورکی داگیرکەر.

لە دواییدا و، کاتێک شێخ مەحموود مەرجەکانی بەریتانیای قبووڵ کرد، بەریتانیاییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە تا سەر پابەند دەبێت پێیانەوە. بەڵام شێخ مەحموود هەروەک ڕێککەوتنێکی کاتی دەیڕوانییە بەڵێننامەکە.. هەڵبەتە شێخ مەحموود لەسەر شێوازی مۆدێرن نەیخوێندبوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە چاکی دەیزانی کە گۆڕانکاریی گەورە لەودیو چیاکانی کوردستانەوە بەڕێوەیە!

دوو قەوارەی گەورە یانەی کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپاییان شەق کردبوو.. ئەوانیش ڕووسیا و ئەمەریکا بوون! دوای شۆڕشەکەی ساڵی (١٩١٧) ڕووسیاییەکان داوایان کرد لە گەلانی ژێردەستی کۆڵۆنیالیستەکان ڕاپەڕن و چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست.. ئەمەریکاییەکانیش هەر هەمان

بانگەوازیان دەکرد، بەڵام بە زمانێکی نەرمتر.

ئەو چواردە خاڵەی لەلایەن سەرۆک (وودرۆ ویڵسن)ەوە لە ٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٨دا هاتە ڕاگەیاندن مژدەی سەردەمێکی نوێی بە گەلانی داگیرکراو دەدا.. فەرمانڕەوا کۆلۆنیالییە بەریتانیاییەکان ئەو بانگەوازەی ئەمەریکایان لە بانگەوازی بەلشەفییەکان بە ترسناکتر دادەنا! لە کۆی ئەو چواردە خاڵەیە، دوازدەیان ئەو نەتەوانەی دەگرتەوە کە لەژێر دەستەڵاتی وەسمانییەکاندا بوون.. لەو خاڵانەدا بە ڕاشکاوی ڕوون کرابووەوە کە دەبێ ئەو نەتەوانە دڵنیا بکرێنەوە لەوەی کە دەرفەتی تەواویان بۆ ڕەخساوە بۆ خۆ بەڕێوەبردن و سەربەخۆیی خۆیان. کۆلۆنێل (ئارنۆڵد ویڵسن) جێگری سێر (پرسی کۆکس) فەرمانڕەوای کۆلۆنیالی عێراق، ئەو بانگەوازەی سەرۆکی ئەمەریکای بە "دوازدە فەرماندەکە" ناو دەبرد! ئەوەی زیاتریش ویڵسنی نیگەران کردبوو جاڕنامەی (ئەنگلۆ - فرەنسی)یەکان بوو کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨دا بڵاو کرایەوە و ڕوون کرابووەوە تێیدا کە "ئامانجی بەریتانیا و فرەنسا لە درێژەدان بە شەڕ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ڕزگارکردن و ئازادیی تەواو و یەکجارەکی بوو بۆ ئەو گەلانەی ماوەیەکی دوور و درێژ لەلایەن تورکانەوە چەوسێندراونەتەوە و بێبەش کراون لە مافی سەربەخۆی خۆیان".

(٢) دۆزینەوەی نەوت لە خاکی کورددا (١٩٠١) (کورتە باسێکی پێوەندار بە بابەتەکەوە وەکو ئاماژەی پێ دەکرێت لە کۆتاییدا).

(٣) ڕێککەوتننامەی (سیڤەر -١٩٢٠).

(٤) نامەی (وێنستۆن چەرچڵ) وەزیری کۆلۆنی بەریتانیا بۆ (پرسی کۆکس) نوێنەری بەریتانیا لە عێراق _ ١٩٢٢/٨/٢) کە دەڵێت تێدا "نابێ دانیشتوانی کوردستان بە زۆرەملێ بخرێنە ژێر دەستەڵاتی (مەلیک فەیسەڵ)ەوە لە عێراقدا".

(٥) برووسکەی ئەفسەرانی ئینگلیز _ (١٩١٩/١١/٢٢) بۆ کاربەدەستانیان

که پێشنیاز دەکەن کوردستان بمێنێتەوە بۆ کوردی خاوەنی خۆی.

(٦) نامـەی (جـەعـفـەر پاشا عـەسکەری) نوێنەری عێـراق لەبارەی کـێشـەی ولایەتی مـووسـڵـەوە، بڵاوکراوەی ڕۆژنامـەی (ڕۆژی کوردسـتان ژمـارە ٦ - ١٩٢٢/١١/١٥).

دیارە هەمـوو ئەم باس و نامـانە، گرینگیی مـێژوویی خـۆیان هـەیە.. ئەمـەی دواییشیان - نامەی جەعفەر پاشا نموونەیەکیانە، کە وەکو مەندوبی عێراق لە دانوسـتاندنـی کێشـەی ولایەتی مووسـڵدا لە (لۆزان) ڕادەوەسـتێ بەرامبـەر بە بیانـوو بەهـانەی نوێنەری تورک و ئاسـوورییـەکانی ناوچەی مـووسـڵ و، دەڵێ بە زمانە و ڕێنووس و ئاخافتنەکەی ئەوسای خۆی:

"ئەم ئیدیعـایانە ئیدیعـایەکی باتڵ و بێ دەلیلە. بەڵێ مـولحـەقـاتی ویلایەتی مـووسـڵ کـامـیلەن مـوڵکی کـورد و مـیللەتی کـوردە، مـوافـقی مـوعـاهـەدەی (سـیـڤـەر)ە کـە لە بەینی دووەلی حـولـەفـادا مـۆر کـراوە و ئیـسـتـقـلالیـەت و ئیدارەیەکی سەربەخۆیی دراوە بە کـوردسـتان و ئیـسـتا خـۆیان حکوومـەتێکی مونتـەزەمیان تەشکیل کردووە. حەتا حکوومـەتی عێراق کوردستانی مـووسـڵی بە جوزئێکی عێـراق حیـسـاب کـردبوو بـۆ قـبـووڵ و تابعیـەتی عـێـراق سـاڵێک مودەتیان بۆ تەخسیس کرا، لە پاش مرووری ئەم مودەتەش کوردستان دیسان تەبەعییەتی عێراقیان قبووڵ نەکرد، لەبەرئەمە بە ئیستحسـاڵی حەقی قەومیەت و مـیللەتی خـۆیان نـائیل بوون. حـاڵی حـازریش هـەر بـۆ ئیـدامــەی حـەیاتی مـوسـتـەقـیلـەی خـۆیان سـەعی و کـۆشش دەکـەن. ئەلئـان بە حکوومـەتێکی موستەقیلەی کوردی دەناسرێن و مەلیکیان مەلیک مەحموودی ئەوەلە.

ئەمجا لەبەرئەمە هیچ حکوومەتێک حەقی تەڵەب و پایماڵکردنی حقووقی ئەم میللەتەی نییە!"

(ڕۆژنامــەی ڕۆژی کـوردسـتـان ژمـارە (٦) ١٥ی تشـرینی دووەمی سـاڵی ١٩٢٢).

لە بەراییی باسی شۆڕشـەکەشدا- (شۆڕشی شێخ مەحموود)، کەپتان شێخ

وەحید لێرەوە وەها دەست پێ دەکات:

"بە گوێرەی پەیمانی وەستاندنی شەڕ _ شەڕی یەکەمی جیهانی، دەوڵەتی تورک لە ساڵی (١٩١٩)دا ناوچەی (مووسڵ)ی بەجێ هێشت و، لێی کشایەوە بە تەواوی. دەوڵەتی ئینگلیز کە جێگەی تورکی گرتەوە، لێرەوە کەوتە ڕێکخستنی کاروباری فەرمانڕەوایێتیی خۆی.

ناوچەی (کەرکووک) لەگەڵ سێ شارە گرینگەکانی (چەمچەماڵ و سلێمانی و هەڵەبجە) کەوتبوونە دەرەوەی سنووری فەرمانڕەوایێتیی مووسڵ، هەرچەندە شوێنێکی نەوتداری گرینگیش بوو! (مێجەر نوئێل) ئەفسەرێکی گەنجی سیاسیی کارامە نێردرا بۆ ئەم ناوچەیە و، پێی ڕاگەیەندرا کە بدوێت لەگەڵ ئەو سەرکردە کوردانەی پێوەندییان پێوە دەکات و، پەیمانی دۆستایەتییان لەگەڵدا دەبەستێت کە دەوڵەتی بەریتانیا هیچ جۆرە فەرمانڕەوایەتییەکیان بەسەردا ناسەپێنێ کە دوور بێت لە خواست و ویستی ئەوان! هەروەهاش دەستی یارمەتی و هاریکاری درێژ دەکرێت بۆ دامەزراندنی حوکمی فیدراڵی و کۆنفیدراڵی لەناویاندا. ئەوەش کە پێویستە ئەم سەرکردانە پابەند بن پێیەوە لە بەرامبەردا، ئەوەیە کە بەردەوام بن لە دانی باج و خەرج بە گوێرەی ئەو یاسایەی لە پێشدا پێی دەدران بە دەوڵەتی تورک. هەرچەندە ئەم یاسایەش لەوانەیە بگۆڕدرێ و دەسکاری بکرێت بۆ خزمەتی باری ئاسایشی و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانیی وڵاتەکەیان.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨دا شێخ مەحموود، سەرکردەیەکی کوردی بەرزفڕیو، دانرا بە حوکمڕانی سلێمانی، لەگەڵ سپاردنی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری هەڵەبجە و چەمچەماڵ و پێنجوێن بە چەند فەرمانبەرێکی تری کورد کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی شێخ مەحموودا بوون. شێخ مەحموود، بەرزفڕیو و زۆرزان، ئەوەندەی پێ نەچوو بۆنی دەمی ئەفسەرە گەنجە سیاسییەکانی ئینگلیزی کرد و، ئەم پێشنیازەی خوارەوەی ئاراستەی نوێنەری شارستانێتیی میزۆپۆتامیا کرد لە بەغدا:

"بە گوێرەی ئەو گفت و بەڵێنانەی دەوڵەتی خاوەن شکۆ داویەتی بە میللەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئازادکردنیان لە چنگ ستەم و ژێردەستەیی دەوڵەتی تورک و، دەسگیرییان بۆ دامەزراندنی حوکمی سەربەخۆیی خۆیان، سەرکردە کوردەکانیش کە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستانن، داواکارن کە ئەمانیش بکەونە ژێر پرۆسەی پارێزگاریتیی بەریتانیا و بدرێنە پاڵ عێراق، تاکو ئەمانیش بێبەش نەبن لە ژیانی شارستانێتیی ژێر چاودێریی دەوڵەتی بەریتانیای گەورە. هەروەها شێخ مەحموود داوای کرد کە ئەفسەرانی شارەزا لە کاروباری بەڕێوەبەرایەتی و ڕێکخستنی باج و خەرجدا بۆ بنێرن و، فەرمانبەرانی ژێردەستیشیان لە خەڵکی کوردی ناوچەکە بن، نەک عەرەب!"

نوێنەری شارستانێتیی بەریتانیا لە پایاندا فەرمانی دەرکرد بۆ داننان بە فەرمی بە سەرکردایەتی و فەرمانڕەوایەتیی شێخ مەحموودا بەسەر هەموو ئەو ناوچانەی لە ڕووباری زێی گەورەوە دەیگرێتەوە هەتا دەگاتە دیالە، بە جۆرێک کە لە سنووری پارزەوینی عێراقدا بەدەر نەبن.

هەندێک لە هۆز و دانیشتوانی شاری کفری و کەرکووک ڕازی نەبوون بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود. هەروەهاش هەندێ لە کوردەکانی دەوروپشتی سنووری ئێران ناڕازی بوون. بەڵام شێخ مەحموود زۆر بەرز دەیڕوانی و مشتی دووری گرتبوو! چاوەڕوانی دەکرد کە ئیدارەی بەریتانیا یارمەتیی بدات بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردستانی سەربەخۆ کە پارچەیەکی ناو خاکی تورکیا و بەشێکی گرینگی ئێرانیشی دەگرتەوە

ئەفسەرە ئینگلیزییە سیاسییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی شارستانێتیی میزۆپۆتامیا لە بەغدا هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکی ورد و دروستی توانا و دەستەڵاتی شێخ مەحموودیان ئەنجام دابوو.. هەر بۆیەش زۆر ژیرانە بڕیاریان دا کە هیچ جۆرە یارمەتییەکی نەدەن و، ئەو پلانەش نەخشەی بۆ

کێشرابوو له پێشدا بەرامبەر بە دەستەڵاتداریتیی شێخ مەحموود هەڵوەشێندرایەوە و گۆڕا بە جۆرێکی وا کە ئیدارە و فەرمانداریتیی ئەم ناوچەیەش ڕێک بخرێ و بەڕێوە ببردرێ وەکو هەر لایەکی تری ناو عێراق.

ئاشکرایشە کە ئەم بڕیارە بە تەواوی بە گوێرەی نەزم و ڕیتمی سیاسەتی لەندەن نەبوو. بگرە لەسەر ڕا و تەگبیری بەڕێوەبەری باڵای میزۆپۆتامیا بوو لە بەغدا. وەکو (سێر ئارنۆلد وێڵسن) جێگری حاکمی سیاسیی بەریتانیا ڕوونی دەکاتەوە لێرەدا:

"لە سەرەتادا ئێمە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانی باشووری سەربەخۆمان پێ سپێردرابوو، بەڵام لەبەر باری دواکەوتەییی ئەم وڵاتە و، لەبەر کەموکووڕیی ڕێگەوبانی گواستنەوە و هاتوچۆی ناوەکی و دەرەکی و، ناکۆکیی نێوان تیرە و هۆزەکان و... هتد، ئاشکرایشە کە کوردستانی باشوور تەنیا بە جۆرێک گەشە دەکات کە پارچەیەک بێت لە میزۆپۆتامیا، چونکە سەرچاوەی بازرگانیی ئەم وڵاتە تەنیا مووسڵ و بەغدای ناو میزۆپۆتامیایە"

هەندێ کەس باوەڕیان بەم ڕاستییە کردبوو. هەندێکیش لە ڕۆشنبیرانی کوردی باشووری کوردستان لایان وابوو جۆرە سەربەخۆییەکی ئۆتۆنۆمی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی عەرەبیدا لە عێراق و لەژێر چاودێری بەریتانیاییدا، کارێکی چاکە بۆ کورد لەم دەمەدا.

هەر چۆنێک بێت، ئەمە شتێکی ئاشکرا بوو کە مەسەلەی بندەستەییی ژێر ڕکێفی دەوڵەتێکی عەرەبی زۆر ناخۆش و نالەبار بوو لەلایەن زۆربەی سەرۆک هۆزانی کوردەوە. لە هەمان کاتیشدا سەربەخۆیی بۆ کەمایەتییەکی زەبرەدەستی بە توانا مانای سەربەستی بوو بۆ پەلاماردان و هەڵمەتبردنە سەر دراوسێ بێهێزەکەیان.

لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەرایەتیی باڵای شارستانێتیی بەریتانیا لە بەغدا ڕوونی کردەوە بۆ شێخ مەحموود کە هەر هەوڵێک بدات بۆ هاندان و

ڕاکێشانی کوردەکانی ناو ئێران بۆ ناو بزووتنەوەکەی خۆی، زۆر بە توندی بەرپەرچ دەدرێتەوە لەلایەن بەریتانیاوە! بەڵام تێگەیشتن لە سیاسەت و بەڵێن و گفتی کاتی شەڕ و پابەندبوون پێیانەوە دواتر، ئەوەندە ئاسان نەبوو بۆ شێخ مەحموودی کەللەڕەق و گومڕا! جا بۆیە هەر بەردەوام بوو لە ڕەوت و هەڵوێستی خۆی و سێسەد کەسێکی هەڵبژاردەی کۆ کردەوە لە دەوروپشتی خۆی و، لە مانگی مایسی ساڵی ١٩١٩دا بانگەشەی خۆی کرد بە حوکمڕانی باڵای گشت کوردستان!

هەر دوای ئەمەش خێرا شێخ مەحموود کەوتە خۆی بەو هێزە بچووکەی پێکهاتبوو لە زۆربەی کەسانی یاخی و لاسار و سەرکێش بە تفەنگی ساچمەزەن و چەند تفەنگێکی کۆنی دزراوی ناو سەربازگە ئینگلیزی و هیندییەکان و هەڵمەتی بردە سەر شاری سلێمانی و، بارەگەی سەرکردایەتیی هێزی (لیڤی)یان داگیر کرد و، خەزینەی شارەکەیان شکاند. هەروەها هێڵی تەلەگرافی نێوان سلێمانی و کەرکوکیان بڕی و ڕێگەی هاتوچۆیان بەربەست کرد. هەواڵی ڕووداوەکەش بزر بوو لە هەموو جیهاندا بۆ ماوەی (٧٦) سەعات.

لە هەمان کاتدا "پادشای کوردستان" جێپێی خۆی قایم کرد و فەرمانڕەوایەتیی خۆی چەسپاند! "ئاڵای کوردستانی سەربەخۆی" بەرز کردەوە و، کەوتە دامەزراندن و ڕێکخستنی داوودەزگای میری و، پیاوانی بەردەست و دەوروپشتی خۆیشی کرد بە کارگێڕ و بەڕێوەبەری کاروباری ناوچەکە و، تەنانەت پوولی پۆستیشی دەرکرد!

پاش تێپەڕبوونی (٨٠) سەعات بەسەر ئەم ڕووداوە ترسناکەدا کە شڵەژان و مەترسییەکی هەرە زۆری بەرپا کرد لەناو کاربەدەستانی ئینگلیزدا لە بەغدا، خێرا و بە پەلە هێزێکی کۆماندۆی تەمیەکار ئامادە کرا و خرایە ڕێ بەرەو سلێمانی لە کەرکووکەوە!

بەڵام بەرەنجام، هێزی هێرشبەری تووڕەی هەڵپەکەر، کە تەنانەت پێش

دەستکردنەوەی دووجار و لە دوو شوێنەوە ڕێی پێ گیرا و پەلامار درا لەلایەن هێزی کوردانی ئامادە و دەسبەکارەوە، هەر زوو ڕووبەڕووی تێکشکاندن بووەوە. چوار ئۆتۆمۆبێلی زرێپۆش و نۆزدەی چەکدار لە جۆری (بی) هەر بە تاوێرەبەرد، کە کوردەکان لەسەر گرد و کێوەکانەوە تلێریان دەکردنەوە بە سەریاندا، تێک شکێندران بە تەواوی بە خۆیان و سەرنشینیانەوە!

لە تۆڵەی ئەم کارەساتەدا، فیرقەی ١٨ی سوپای ئینگلیز لە مووسڵ بە سەرۆکایەتیی (جەنەراڵ فرێزەر) کە پێکهاتبوو لە دوو لیوای کارامە و لیوایەکی سوارە و هێزێکی (مدرع) بە هەموو جۆرە چەکی قورس و دوورهاوێژ و، هەروەها چەند گرووپ و تەشکیلاتی نیزامی لەگەڵ هێزێکی ئاسمانی لە فڕۆکە جەنگییەکان، هێرشیان بردە سەر هێزی شێخ مەحموود لە دەربەند بازیان و، تووشی شکستییەکی کاریگەریان کرد. شێخ مەحموود بە بریندار دەسگیر کرا و هێزەکەی تێک شکێندرا!

شێخ مەحموود کە بە دیلی ڕەوانەی دادگەیەکی سوپاییی ئیگلیز کرا لە بەغدا، حوکمدرا بە لە داردان. بەڵام حوکمەکەی تەنفیز نەکرا و، دوای ماوەیەک بەردرا.

ئەو هۆز و دێهاتە کوردییانەی بەشداری و هاوکاریی "بزووتنەوە کوردستانییە ئازادەکەی" شێخ مەحموودیان کردبوو، زۆر بە توندی سزا دران و تەمیە کران.. ئەوانەش کە گیران و بەردەست کەوتن، هەر خێرا و هەر لە شوێنی خۆیاندا لەناوبران.

ئاوها و بەمجۆرە کەپتان شێخ وەحید،"مێژوونووسی موسڵمانی بە ڕەحم" دەکەوێتە گێڕانەوە و باسکردنی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود و، دەڵێت لە کۆتاییدا: "ئەمە بوو بزووتنەوە گەورە کوردستانییە ئازادەکەی شێخ مەحموود، ئەو پیاوە هەرە گومڕا و کەللەڕەق و سەرلێشێواوەیە کە لە توانایدا نەبوو تێ بگات لەو ڕاستییەی کە هەر ئەو دەستەی بۆی درێژ کرا لە پێشدا ئەوەندە بە دۆستایەتی بۆ یارمەتیدانی، لە هەمان کاتدا دەتوانێت لێی وەرگەڕێتەوە و بە

سەختترین شێوە خۆی و بزووتنەوەکەی لەناوببات."

لە پایانیشدا کەپتان شێخ وەحید دەڵێت: "وڵاتی کورد، ناوچەیەکی داخراو و قەدەغەکراو، دێتە بەرچاوم وەک چوار ڕووباری بەگوڕی بەربەستکراو لەناو پێنج وڵاتی گەورەدا "عێراق، تورکیا، ئێران، سووریا، سۆڤیەت – ڕووسیا" و دوو ئایدیۆلۆجییەت (ئیسلام و کۆمیونیست)، جا ئەگەر دوو ڕووباری بەگوڕ بنیشنە سەر یەک و یەک بگرنەوە، ئەوا لافاوێکی بە تەوژمی ڕامالین بەرپا دەکەن، بەڵام ئەگەر لە دوو زیاتر هەتا چوار بدرێنە دەم یەک، ئەوە ئیتر ئەو گێژاوە زرێبارە سامناکەیە کە گەورەترین پاپۆڕ دەگلێنێت. جا بۆیە سەپاندنی حوکمی یاسا لە ناوچە کوردنشینەکانی هەریەک لەم وڵاتانەدا و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و هێمنی بۆیان دەگەڕێتەوە بۆ زیرەکی و کارامەییی کاربەدەستانی هەریەک لەم وڵاتانە."

سەبارەت بە مێجەر نوئێل ـ (ئێدوارد ویلیام چارلس نوئێل) و هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد، کوردی داماوی "دڵپاک و بێباک"ی بێ ناو و دەنگ، کە لای زۆربەی ئینگلیزە داگیرکەرەکانی کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی،"کێوی و چەتە و ترسناک بوون"! لای ئەم ـ مێجەر نوئێل: "کورد هەر وەکو چۆن لە شەڕدا کارامە و لێهاتوون، هەروەهاش لە توانای فێربوون و پێشکەوتندا لە تورک و عەرەب و فارس – میللەتانی دەستەڵاتداری ناوچەکە، لێهاتووترن. هەروەها دەڵێت ئەو گومانی لەوەدا نییە کە کوردەکان توانای خۆ بەڕێوەبردنیان هەیە و شایستەی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن".

مێجەر نوئێل، ئەو پیاوە مرۆڤناس و کوردناسە هەڵکەوتوو و ڕێککەوتووە بۆ کوردی پێویست بە هەل و ڕێککەوت لەو دەمە تەنگ و دژوار و نالەبارەدا و، تا ئەم دەمە لەبار و بەکار نەهێنراوەی ئەمرۆی کورددا. کە لەو کاتەی (وێڵسن) جێگری (پێرسی کۆکس) فەرمانڕەوای کۆلۆنیالی بەریتانیا لە عێراق دای دەنێت بە ڕاوێژکاری شێخ مەحموود لە سلێمانی و، بە شێخ مەحموود ڕادەگەیێنێت کە پێویستە بە گوێرەی ڕێنوێنی مێجەر نوئێل کاروباری

حوکمڕانی خۆی ئەنجام بدات، شێخ مەحموود لە بەرامبەردا گوتوویەتی بە ویڵسن بە تەوسەوە:" مەبەستت ئەوەیە کە ئەو هەرچییەکی وت من وا بکەم ؟ ویڵسنیش گوتوویەتی لە وەڵامدا زۆر ڕاستە. مێجەر نوئێل چی گوت، ئەوە دەکەیت. شێخ مەحموود وەڵامی داوەتەوە: لەو حاڵەتەدا با مێجەر نوئێل ببێتە فەرمانڕەوا و منیش دەبمە ڕاوێژکاری"!

مێجەر نوئێل مرۆڤێکی ئازا و بوێر.. تەواو بە پێچەوانەی کەسانی بیرۆکراتی وەک کۆکس و ویڵسن بوو.. لە هەر کوێیەک خزمەتی کردبێ ناوێکی بۆ خۆی دروست کردووە.. یەکێک لە سەرۆکەکانی، دواتر سەبارەت بە نوئێل نووسیویەتی: "هەموو کات بە دڵێکی برسییەوە وێڵ بوو.. ئەو بەشێک بوو لە هەر شتێک کە ڕێککەوتی کردبێ.. ئەستەمە بیهێنینە بەرچاومان کە ژیان بەردەوام بێ و ئەو بوەستێ!"

کاتێ لە ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا، ویڵسن پێشنیازی بۆ لەندەن کرد کە پێویستە ئەنجوومەنێکی ناوەندی بۆ باشووری کوردستان دابنرێ و لەژێر ڕێنوێنیی بەریتانیادا بێت. ئەوەش تەنیا بۆ ڕاگرتنی "نەزم و یاسا" بوو. چونکە هیچ کات ویڵسن بە مێشکیدا نەهاتبوو ئەو ئەنجوومەنە ببێتە بنەمایەک بۆ دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، یان تەنانەت ئۆتۆنۆمی.

دواییش کە لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەردا ویڵسن مێجەر نوئێلی ڕەوانەی سلێمانی کرد و ڕای سپارد کە دەستبەکار بێ بۆ دانانی دەسەڵاتێکی بەریتانیایی لە ناوچە کوردییەکاندا. نوئێل کە بینی شارەکە تووشی کوشتوبڕ و قاتوقڕییەکی خراپ هاتووە بە هۆی شاڵاوی پەلاماردان و تاڵانکردنی لەلایەن پاشماوەی تورکە بەزیوەکانەوە لە دوایین ڕۆژانی شەڕدا.. لەگەڵ ئەو هەموو تەرم و لاشە زۆرەی کوژراو و مردووان لەسەر شەقام و کۆڵاناندا.. خانووەکانیش وێران و داتەپیو.. ئەوەش مابووەوە لە دانیشتوانی شارە کاولەکە کەمتر بوو لە ڕێژەی (سێ لەسەر یەک) بەراورد بە ئاستی دانیشتوانی بەر لە شەڕ. زۆربەی ئەوانەش مابوونەوە برسی و ڕووت و ڕەجاڵبوون! نوئێل بە جوامێری و بەگوڕ و تینەوە دەستی کۆمەکی بۆ خەڵکە

بەسەزمانە پاشماوەکە درێژ کرد و خۆراک و جلوبەرگی بەسەر دانیشتواندا دابەش کرد و، تۆو و مەڕوماڵاتیشی بۆ جووتیاران دابین کرد.

هەروەها تەنانەت کاتێک شێخ مەحموود بە گوێرەی ڕێنوێنییەکانی وێلسن هەر تەنیا سەرۆکایەتیی ئیدارەی سلێمانیی پێ سپێردرابوو. بەڵام نوئێل هەر زوو کەوتە ژێر کاریگەریی هەستی بەهێزی نەتەوایەتیی کوردەکان لە سلێمانی و شێخ مەحموود خۆشی.. نوئێل بە مێشکە پڕ و دووربینییەکەی خۆی هەر زوو ئەنجوومەنەکەی وێلسنی تایبەت بە "ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان تیرە و هۆزەکان" گۆڕی بۆ شتێکی تر... (فەرمانڕەوایەتیی شێخ مەحموود وەکو ئەوەی ئاماژەی پێ کرا لە پێشدا).

(هەمان ژێدەر – کتێبی خاک، نووسینی دەیڤد کۆرن، وەرگێڕانی ئاوات عەبدوڵڵا).

بەمەش – ئەم بەسەرهاتە، دیارە مێژوو – پەند و ئەزموون و بەسەرهات، هەروەکو چۆن گەواهی و شایەتحاڵی خێر و بێ خێری ڕابردووە، هەروەهاش هەر ئەوە مامۆستا و دادوەر و چاودێرە سەرڕاست و ڕاستگۆیەکەی ئەمڕۆی ڕۆژی کار و کردار و ئەنجامدەرانیان – چاک و خراپ بەرامبەر بە وڵات لە ڕانەبردوو و ئێستادا.

## دۆزینەوەی نەوت لە خاکی کورددا

دوای دۆزینەوەی (نەوت)، نەوت – (دەرمان و ئامێری گرینگ و کاریگەری ڕۆشنایی و ئاوەدانی و پیشەسازی) لە وڵاتی کورددا، (ویلیام دی ئارکەی) ئوسترالیایی لە ساڵی ١٩٠١دا گەیشتە ئەم ناوچەیە لە گەشتێکی گەڕان بە دوای نەوتدا و، توانی چاکترین کانە نەوت بدۆزێتەوە لە ناوچەی (کەرکووک)ی ناو خاکی کورددا. لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٣شدا کۆمپانیایەکی تورکی بۆ کاروباری نەوت دامەزرا بە بەشداریی ئینگلیز و ئەڵمان.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی تورک لە ساڵی

١٩١٨دا، مەسەلەی نەوت، دۆزینەوەی و بەرهەمهێنانی و دەست بەسەرداگرتنی، کێشەیەکی ئاڵۆز و گرانی دروست کرد بۆ هاوپەیمانە سەرکەوتووەکانی شەڕ بەر لە هەموو ئەم گرفتانەش، کێشەی دیاریکردنی چارەنووس و پاشەڕۆژی ولایەتی (مووسڵ)، ناوچەیەکی چڕی زۆرینە کوردنشین و نەوتدار بوو.

هاوپەیمانان بە سیاسەتی مۆنۆپۆلی و پاوانخوازیی خۆیانەوە و، ناوچەکەش بە شێواوی و هەرا و ڕاپەڕین و پەلاماردانی ئینگلیزەکان لەلایەن کوردەکانەوە، هەموو بوون بەو هۆکارە کاریگەرەی کە ئینگلیز زیاتر و لێبڕاوتر بچێتەوە بە خۆیدا.

تەنانەت گرینگترین هۆکاری بەستنی پەیمانی (سیڤەر) و مۆرکردنی لە نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی نوێی تورکدا لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٠ دا لەبەر دەست بەسەرداگرتن و پاراستنی کانە نەوتەکانی ناو وڵاتی کورد بوو.

بە ڕاستی بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی پەیمانی سیڤەر گەلێک هیوای گەشیان تێدا بوو سەبارەت بە خواست و ویستی کورد و ئەرمەنییەکان بۆ وەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی خۆیان.

## شۆڕشی بارزان

لە ئاماژەکردنیدا بە شۆڕشەکانی بارزان _ بە تایبەتی ئەوەی سەردەمی کۆماری مەهاباد _ (١٩٤٥-١٩٤٦) کە بە لایەوە "کۆن نییە" و شایستەی باسکردنیان نییە لە کتێبە مێژووییەکەیدا، کەپتان شێخ وەحید دەڵێت لە لاپەڕە (١٦٦)دا "وەکو ڕوونم کردەوە لە پێشدا، کتێبەکەی من مێژووییە نەک سیاسی، ئەم شۆڕشەش کە هەر خۆم ئاگەدارم لێی، کە لەو دەمەدا لە ناوچەکەدا بووم و تا ڕادەیەکیش بەشداریی تەگبیری چۆنیەتیی دامرکانەوەشی بووم، کۆن نییە تا باسی بکەم و لەسەری بنووسم لێرەدا."

شایانی باسە شۆڕشی بارزان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی _

ئەمەی دوایی (١١ ئەیلوول ساڵی ١٩٦١) بە تایبەتی، ئەو شۆڕشە گەورەیە کە دیارە هەر وەکو چۆن توانی بە نەبەردی و کۆڵنەدانی خۆی بۆ ماوەی زیاتر لە چواردە ساڵی ڕەبەق بجەنگێ و خۆ ڕابگرێ بەرامبەر بە هێزی باڵادەستی ڕێژیمی عێراقی پشتگیردراو لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری هاوبەشی دراوسێیەوە، هەروەهاش بێگومان دەیتوانی سەرکەوتن وەدەست بهێنێت، ئەگەر کەتنی پێ نەکرایە بە پیلانە شوومەکەی جەزائیری نێوان دیکتاتۆری عێراق (سەدام حوسێن) و شای ئێران (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) لە (١٩٧٥/٣/٦)دا. بڕوانە (کردستان والکرد، ل ٨٨ _ ٩١) د. جەواد مەلا.

لە کۆتاییدا، هەڵبەتە کەپتان شێخ وەحید بەم کارە گەورەیەی _ (باسی بەرهەڵستکاری کورد بەرامبەر بە لێشاوی چەتە داگیرکەرە مەنگۆلی و هاوڕەگەزەکانیان بۆ سەر بەغدا بە ناو کوردستاندا) پێی هەستاوە بە هەر مەرام و هەر مەبەستێک بووبێت، بۆ ئێمەی کوردی ژێردەستەی بەشخوراو و لە بیرکراوی ئەو ڕۆژانە و هەتا ئێستاش _ ڕۆژی ماف و چارەنووسی گەلان، دیارە کارێکی چاک و بەجێ و سوودگەیێنە، شایستەی سوپاسگوزاریی کوردی بەدبەختی دەستی سەرانی بەرچاو تەنگ و یەکنەگیرییەتی. ئەو گەلەی کە بیرمەندی گەورەی کورد (ئەحمەدی خانی) گوتوویەتی لەبارەیەوە بە ماوەی نزیکەی یەک سەدە پێش شۆڕشی گەورەی ناسیۆنالیستی فرەنسا:

"ئەگەر ئێمەی کورد تەنیا یەکگیر بوونایە و
تەنیا یەک کەسیش سەرۆکمان بووایە
ئەوا بێگومان فارس و عارەب و تورک
خزمەتکار و نۆکەرمان دەبوون!"

بڕوانە (نناشد صلاح الدين أم نحاسب أنفسنا، ل ٩ – بەدران ئەحمەد حەبیب).

بگەڕێینەوە سەر کەپتان شێخ وەحیدی مێژوونووسی سیاسەتوان، کە ئەویش لەلای خۆیەوە و لە سەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێ لەبارەی کوردەوە:

"لەم ڕۆژانەدا و، لەم پلەی ئێستای جیهانەدا کە دەنگوباس و زانیاریی گشتی لەبارەی کوردەوە زۆر کەمە و، یان هەر نییە، هەڵبەتە جێگەی سەرسووڕمان نییە! بەڵام ئەوەی ڕاستییەکی ڕەقە ئەوەیە کە ئەم گەلە ئازا و ئەم وڵاتە دەوڵەمەندە سەنگ و گرینگییەکی ستراتیجی و ئابووری و سیاسیی وەهایان هەیە کە دەشێن ببنە فاکتۆرێکی کاریگەر لە بواری ئابووری و سیاسیی جیهاندا."